


بەرەو کۆنگرەی 14و تازەکردنەوەی "سوسیالیزمی دێموکراتیک"


ئیدریس ئەحمەدی


2008

## لە هێگڵەوە هەتا قاسملوو:
## بەرەو کۆنگرەی 14و تازەکردنەوەی "سوسیالیزمی دێموکراتیک"

ئیدریس ئەحمەدی

### پێشەکی

ئەم وتارە پێشتر لە گۆڤاری "تیشک"، ژمارەی21، ڕێبەندانی 1386، بڵاو بووەتەوە. بەڵام بە هۆی هەڵەیێکی تێکنیکی لە کاتی ناردنەوەی ئاخرین ڤێرژنی لە ڕێگای ئیمەیلەوە بۆ کوردستان، ڕەشنووسەکەی لە "تیشک"دا چاپ کراوە کە هێندێک هەڵەی زمانەوانی و هەڵی چاپی تێدایە. لە بەر ئەو هۆیە و هەروها بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی بابەتەکە، بە پێویستم زانی لە سەر ئینترنێت بڵاوی بکەمەوە.

بیرۆکەی ئەم وتارە لە ئاکامی چەند کۆبوونەوەیێک لە گەڵ ڕێزدار مستەفا هیجری لە کوردستان لە مانگی جوونی 2007دا هاتە ئاراوە. لەو دانیشتنانەدا ڕێزدار هیجری زۆر بە دڵ ئاوالاییەوە هێندێک مەسەلەی فیکری و ستراتژیکی لە گەڵمدا تاوتوێ کرد. هەروها وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگی داوە سەبارەت بە فیکر و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بۆ نووسینی ئەم وتارە پێویست بوون. بەردەوامیش هانی داوەم تاکوو ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنم؛ زۆری سوپاس دەکەم. هەر لەو سەروبەندەدا لە بنکەکانی حزب لە شاری کۆیە چەند سیمینارێک سەبارەت بە مەسەلەی فیکری و سیاسی لە لایەن کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکوڵینەوەی حزبەوە ڕێکخران کە من بە خۆشحاڵیەوە تێیاندا بەشدار بووم. یەکێک لەو بابەتانەی کە باسیان لێ کرا، "سوسیالیزمی دێموکراتیک" بوو. بەشداری چالاکانەی پێشمەرگەکانی حزب لەو سیمینارانەدا و ئەو بیرو بۆچوونانەی کە لەوێدا دەربڕان دواتر بۆ من زۆر بەکەڵک و سوودمەند بوون لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا. گەلێک سوپاسی ئەو پێشمەرگە بەڕێزانە دەکەم.

### سەرەتا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە کۆنگرەی 13دا ستراتیژیی خۆی لە خودموختارییەوە بۆ پێکهێنانی سیستمێکی فێدرالی دێموکراتیک لە ئێراندا گۆڕی. ئێستا کە نزیک دەبینەوە لە کۆنگرەی 14، حیزب نیازی هەیە هێندێك مەسەلەی دیکە لە پرۆگرامی سیاسی خۆیدا بداتە بەر باس بە مەبەستی پێداچوونەوەو تەنانەت پێکهێنانی گۆڕان تێیاندا. یەکێك لەو مەسەلانە کە لە نێو حیزبدا دەکرێ بڵێین یەکدەنگی لەسەرە کە پێداچوونەوەی پێویستە، "سوسیالیزمی دێموکراتیکە".

ئەم وتارەی بەردەست هەوڵێکە بۆ پێداچوونەوەی فیکری سوسیالیستیی حدکا. داهێنەری فیکری سوسیالیستی لە نێو حدکا بە شێوەیەکی مونسەجمی تیۆری، عبدولڕەحمان قاسملوو بوو. بەو پێیە، هەر پێداچوونەوەیێك بە فیکری سوسیالیستیی ئەو حیزبە، دەبێ خاڵی دەستپێکی بەرهەمە تێوریو سیاسییەکانی د. قاسملوو بێو هەر گۆڕانێك لە پەیوەندی لەگەڵ ئامانجی سوسیالیستیی حیزبدا کە روو بدا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئوسولیو رەوا بکردرێو گونجاو بێ لەگەڵ ناسنامەی فیکریو سیاسی حدکا، دەبێ لە چوارچێوەی ئەو نەریتە فیکرییە سوسیالیستییەدا ئەنجام بدرێ کە د. قاسملوو داهێنەری بوو. هەڵبەت بۆ تێگەیشتنو هەڵسەنگاندنی درووستی فیکری د. قاسملوو، دەبێ ئەو بنچینەو چوارچێوە مێژوویی، فیکریو سیاسییە ـ یان بە کورتی ئەو کانتێکستە (context) ـ لەبەرچاو بگرین کە د. قاسملوو تێیدا شکڵی گرتبوو. هەر بەو پێیەش، زەرورەتی گۆڕان یان

ئەنجامدانی گۆڕان لە پرۆگرامی سیاسی حدکادا، دەبێ بە لەبەرچاوگرتن‌و لێکدانەوەی کانتێکستی فیکری‌و سیاسی ئەم عەسرە ئەنجام بدرێ .

ئەم وتارە دەکرێ بڵێین پێك هاتووە لە سێ بەشی سەرەکی. بەشی یەکەم هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە د. قاسملوو هەروەك مارکس، کە لە ژێر باندۆری هێگلدا بوو، نەیتوانی بە تەواوی خۆی لە میراتی "مێتافیزیکی رۆژئاوا" رزگار بکاو ئەو میراتەش دەورێکی بنەڕەتی هەبوو لە تەعبیری د. قاسملوو لە "سوسیالیزم". (لە درێژەی وتارەکەدا روونی دەکەمەوە کە مەبەست لە "مێتافیزکی رۆژئاوا" چییە.) هەڵبەت د. قاسملوو لە "کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم" هەنگاوێکی جێدی هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی خۆی لەو میراتە فەلسەفییە رزگار بکا. ئەمەش بووە هۆی خۆشکردنی زەمنیە بۆ ئەوەی حدکا لە سوسیال دێموکراسی نزیك بێتەوەو دواجاریش ببێ بە ئەندام لە سوسیالیست ئەنترناسیۆنال.

لە بەشی دووهەمدا باس لە قەیرانی سوسیال دێموکراسی دەکرێ‌و هەروها تیشك دەخرێتە سەر رێبازی "رێگای سیهەم" کە هێندێك لە حیزبە سوسیال دێموکراتەکانی ئورووپا پاش دانپێنان بەو قەیرانەو هەروها قەبووڵکردنی پرۆسەی "بەجیهانیبوون" وەك ئەمری واقع، کردوویانە بە سیاسەتی خۆیان. پرسیار لێرەدا ئەمەیە کە "رێگای سێهەم" چییەو حدکا چۆن هەڵوێست بگرێ بەرانبەر بەم رەوتە فیکری ـ سیاسییە؟

تێزی سەرەکی ئەم وتارە ئەمەیە: ئێمە دەتوانین خۆمان لە فیکری سیاسی "مێتافیزیکی" رزگار بکەین، بەڵام وەفادار بمێنینەوە بە ئایدیۆلۆژی سوسیالیستیی حدکا کە کاکڵەکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. هەروها دەبێ لەسەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەڵوێست بگرین بەرانبەر بە "ریگای سێهەم"و هەر رەوتێکی فیکریی دیکە.

لە کۆتاییدا باسی بەرنامەی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال دەکەم، کە حدکا لەوێدا ئەندامە. سەرئەنجام لە بەر تیشکی ئەو باسە تیۆریی‌و فیکریانەدا هیندێك پێشنیاری کۆنکرێت دەکەم بۆ تازەکردنەوەی "سوسیالیزمی دێموکراتیك" لە بەرنامەی حدکا بۆ کۆنگرەی 14.

### هێگل، "ڕۆحی جیهانی" و ئازادی

> "هیچ فەیلەسوفێکی سەدەی 19 یان سەدەی 20 کارتێکردنی لەسەر جیهان بە قەد هێگل فراوان نەبووە. ئەو گوزارە گشتگیرە رەنگبێ تەنها کارل مارکس نەگرێتەوە؛ هەڵبەت مارکسیش بۆخۆی ئێجگار زۆر لە ژێر کارتێکردنی هێگلدا بوو. بێ هێگل، هیچکام لە پێشکەوتنە روناکبیری‌و سیاسییەکانی 150 ساڵی دوای بەو رێگوزەرەدا نەدەڕۆیشتن کە گرتیانە بەر." ـ پیتر سینگر (Peter Singer)[1]

---

[1] بڕوانە:

Peter Singer, *Hegel: A Very Short Introduction* (Oxford: Oxford University Press, 2001), “Preface”. [“No philosopher of the nineteenth or twentieth centuries has had as great an impact on the world as Hegel. The only possible exception to this sweeping statement would be Karl Marx – and Marx himself was heavily influenced by Hegel. Without Hegel, neither the intellectual nor the political developments of the last 150 years would have taken the path they did.”]

پێویستە بگوترێ کە هەموو قسەهێنانەوەکان (quotation) لە سەرچاوەگەلێک کە بە زمانی ئینگلیزی و سوئێدی کەڵکم لێ وەرگرتوون و وەریانمگێڕاوەتە سەر زمانی کورد، وەک خۆیان لە ژێدەرەکاندا دانراون. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ڕەنگبێ بۆ ئەو خوێنەرانەی کە ئەو زمانانە دەزانن، خراپ نەبێ ئەسڵەکانیان لە بەردەستدا بێ. هەڵبەت لە پەیوەندی لە گەڵ هێندێک لەو بەندانەی کە لە بەرنامەی سوسیالیست

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە رەنگبێ زۆربەی هەرە زۆری سیاسەتمەدارانو چالاکانی سیاسیی جیهان ناوی هێگلیشیان نەبیستبێ، ئەو بۆچوونەی فەیلەسوفی ئۆسترالیایی پیتر سینگر سەیر بێتە بەرچاو. رەنگبێ لەوەش سەیرتر ئەوە بێ کە فەلسەفەی هێگل بە یەکێك لە ئالۆزترین فەلسەفەکان دەژمێردرێ کە ڕاڤەکردنی بە کارێکی سەختو بگرە مەحاڵیش لە قەڵەم دەدرێ. هەروەها بە وردبوونەوە لە فیکری هێگلو رووبەڕووبونەوەی، بۆ نموونە، چەمکێك وەك "ڕۆحی جیهانی" یان هێندێك هێڵی فیکری ئەو کە بۆ مرۆڤی سەردەمی ئێمە سەریروسەمەرە بێنە بەرچاو، ئەو گوزارەیەی سینگر لەمەڕ دەوری هێگل لەسەر رەوتە رووناکبیریو سیاسییەکانی 150 ساڵی دوایی، ئەوەندەی دیکە سەیر دێتە بەرچاو! هەڵبەت سینگر بەتەنێ نیە لە پێداگرتن لەسەر دەوری هێگل لەسەر رەوتی فیکریو سیاسی جیهان لە سەدەی 19ەوە بەدواوە. بیرمەندی ئەمریکی فرانسیس فوکۆیاما (Francis Fukuyama)، کە بە رەچەڵەك ژاپۆنییە، لە کتێبە ناودارەکەی لە ژێر ناوی "کۆتایی مێژووو دواین مرۆڤ" ـ کە پاش کۆتایهاتنی شەڕی سارد نووسیو باس لە "کۆتایی مێژوو" بە مانای سەرکەوتنی لیبراڵ دێموکراسی بەسەر فاشیزم و کومۆنیزمدا دەکا ـ بیرۆکەی کۆتایی مێژووی لە هێگل وەرگرتووەو ئەوەندە پێ لەسەر گرنگی هێگل دادەگرێ کە بە یەکێك لە فەیلەسووفەکانی "پێکهێنەری مۆدێڕنیتەیی" دەژمێرێو دەنووسێ "چ بمانهەوێ یان نەمانهەوێ دان بەوەدا بنێین کە قەرزداری هێگلین، بەڵام بوونی لایەنە بنەڕەتییەکانی هۆشی چەرخی ئێستامان بەرهەمی هەوڵو ڕەنجی هێگلە."[2]

ئەگەر لەو جێگاوە دەست پێ بکەین کە فۆکویاما لە کتێبی ناوبراودا باسەکەی لەمەڕ فەلسەفەو کارتێکردنی هێگل لەسەر جیهانبینی سیاسیی ئێمە کۆتایی پێ دێنێ، دەکرێ ئاماژە بە تیۆری باوی "مۆدێڕنیزاسیۆن" لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بدەین، کە بە شێوەێك لە شێوەکان لە جیهانبینی زۆر سیاسەتمەدارو چالاکانی سیاسیشدا رەنگی داوەتەوە. بە گوێرەی فوکۆیاما، تیۆری مۆدێڕنیزاسیۆن ریشەێکی هیگلی هەیە، ئەمەش بەو مانایەی کە لەسەر ئەساسی تێگەیشتنێکی تایبەت لەمەڕ مێژووو پێشکەوتن دامەزراوە کە لە فەلسەفەی هێگلدا دەیبینینەوە، بەڵام دواتر لە رێگای مارکسەوە بوو بە میرات بۆ ئێمە.[3]

تیۆری دارێژەرانی مۆدێڕنیزاسیۆن بە کەڵك وەرگرتن لە مارکسو هێندێك بیرمەندی دیکەو بە لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەزموونی وڵاتانی پیشەسازی رۆژئاوا پێیان وا بوو کە نەخشەیەکی گەردوونی (universal pattern) لە پێشکەوتنی پیشەسازی هەیە کە بە پێی زەمان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پێکهاتەی هاوچەشنی کۆمەڵایەتیو سیاسی لە گشت وڵاتاندا. ریشە هێگلییەکەی ئەم تیۆرییە لەوەدایە کە پێشکەوتنی ئابووری، پیشەسازیو سیاسی، نیشاندەری ئەوەیە کە، فوکۆیاما گوتەنی، مێژوو "ئاراستەدارە" (directional). بە واتایەکی دیکە، سەرباری جیاوازیی ئەزموونو ئاستی پێشکەوتن لە نێوان وڵاتانی جیهاندا، هەموویان بە یەك ئاراستەدا دەڕۆن کە دواجار دەبێتە هۆی

---

ئەنترناسیۆنال وەرگیردراون، ئەم کارەم نەکردووە و هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆر درێژن و هەروها ئەو بەرنامەیە لە سەر سایتی رێکخراوی ناوبرا دەست دەکەوەێ: www.socialistinternational.org .

[2] بڕوانە:

Francis Fukuyama, *The End of History and the Last Man* (London: Penguin Books, 1992), p. 59. [”Whether or not we acknowledge our debt to him, we owe to Hegel the most fundamental aspects of our present-day consciousness.”]

[3] بڕوانە:

Fukuyama, op.cit., pp. 64-69.

بڵاوبوونەوەی یەك مۆدێلو ئەویش کۆمەڵگای سەرمایەداریی پیشەسازییە، یان ئەگەر باس لە پێکهاتەی سیاسی بکەین، مۆدێلی "لیبرال دیموکراسییە".[4]

ئەم بیرۆکەیە لەمەڕ مێژوو وەك رەوتێکی ئاراستەدار وا پێ دەچێ لە مۆدێڕنیتەدا ئەوەندە باو بێ ـ جا لە شکڵی مارکسیزم یان لیبرالیزمدا بێ یان تیۆری مۆدێڕنیزاسیۆن یان هەر چۆارچێوەیەکی دیکەی فیکریدا بووبێ ـ کە پێشینە فەلسەفییەکی تەنها لە کۆیادی ئەوانەدا دەمێنێتەوە کە لە مێژووی فیکر دەکۆڵنەوە یان کاری تیۆری دەکەن. ئەم "لەبیرچوونەوە" یان نائاگاییە لەمەڕ رەچەڵەکی فیکری سیاسی، شتێکی تایبەت بە مۆدێرنیتە نیە. وا پێ دەچێ کە هەر فیکرێك کە جێ بکەوێ، دوای ماەیەك ئاساییو "سرووشتی" بێتە بەرچاو، ئەویش تا ئەو رادەیەی کە پرسیار لەمەڕ مێژووی نەکرێ. تەنها ڕوانگەیەکی مێژووییە کە ئاگاییمان لەمەڕ کانتێکستی سەرهەڵدانی فیکرێکی دیاریکراوی سیاسی پێ دەبەخشێ. ئەگەر سەرنجی فیکری سیاسی لە یۆنانی دێرین بدەین، دەبینین کە جیاکاری لە نیۆان "شاردەوڵەت" و "کۆمەڵگادا" نەدەکرا. یان ئەگەر سرنجی چەمکی "دەوڵەت" بدەین، لە سەدەی 17دایە کە وەك یەکەیێکی سەربەخۆ هەم لە پەیوەندی لەگەڵ حوکمڕانو هەم ئەوانەی حوکمیان بەسەردا دەکرێ، دەبیندرێ. پێشتر، "دەوڵەت" بە درێژکراوەیەك (extension) لە شا دەبیندرا. بە واتایەکی دیکە، ئەوە بە سەرهەڵدانی فیکری سیاسیی مۆدێڕنە کە چەمکی "دەوڵەت" وەك ئابستراکشنێك (abstraction)، واتە جیا لە شا، میر یان هەر دەسەڵاتدارێکی دیکەی "کۆنکرێت"و وەك دەستەێك دامەزراوەی سەربەخۆ، دێتە ئاراوە.[5] ئەمە لە کاتێکدا کە دەوڵەت وەك "ئابستراکشنێك" ئەوەندە جێ کەوتووە لەسەردەمی مۆدێرندا، کە بە شتێکی "سرووشتی" دەبیندرێ. جیاکاری لە نێۆان "دەوڵەت" و "کۆمەڵگای مەدەنی" و کۆمەڵێك جیاکاریی دیکە، داهێنانی سیاسیی مۆدێرنیتەن.[6]

---

[4]بڕۆانە:

Fukuyama, op.cit., pp. 68-69.

[5]بڕۆانە:

Henrik Enroth, ”Stridbarhet och föränderlighet: Om det statsvetenskapliga politikbegreppet och dess historia”, Statsvetenskapliga institutionen, Stockholms universitet, 2002, p. 15.

[6]پێویستە بگوترێ کە بۆچوونی جیاوز هەیە سەبارەت بە رەچەڵەکی "مۆدێرنیتە". هێندێک کەس دیگێڕنەوە بۆ سەدەی 17 و هێندێک کەسی دیکە بۆ قۆناغی رۆشنگەری لە سەدەی 18 و شۆڕشی فەرەنسە. لەم وتارەدا دەستەواژەی " مۆدێرنیتە" بۆ چەند قۆناغی فیکری و سیاسی بە کار دەبەم کە بە شۆڕشی زانستی و سەرهەڵدانی فیکری سیاسی مۆدێڕن کە بۆ نموونە لە لای تامس هابز (Thomas Hobbes) و هێندێک بیرمەندی دەیکەی سەدەی 17 دەست پێ دەکا، بەڵام دەکرێ سەردەمی ڕۆشنگەری و دواتر سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازی و ئەو هەموو گۆڕانە ساختارییانە کە بدوای خۆێدا لە بۆراە جۆراوجۆرەکاندا هێنای، بە قۆناغی جیاواز لە مۆدێرنیتەدا ببیندرێ. لە جێی خۆیەتی کە هەروها ئاماژە بەوە بدرێ کە لە بەرانبەری ئەو کۆمەڵناسانەی کە باس لە سەرهەڵدانی "پاشمۆدێڕنیتە" یان "پۆست مۆدێڕنیتە" دەکەن، کۆمەڵناسگەلێک وەک ئولریش بێک (Ulrich Beck) و ئانتنی گیدێنز (Anthony Giddens) باس لە "مۆدێڕنیتە دووهەم" (Second Modernity) یان "مۆدێرنیتە درەنگ" (Late Modernity) دەکەن. هەروها یۆرگن هابرماس (Jürgen Habermas) لە بەرانبەر ڕاگەیاندنی شکست و مەرگی مۆدێڕنیتەدا، باس لە "مۆدێرنیتە وەک پرۆژەی هێشا تەواو نەکراو" دەکا. بەو پێیە، دەتۆانین بڵێین پرسی ڕەچەڵەکی "مۆدێرنیتە" و ئەو بیرۆکە یان بیرۆکانەی کە دەگووترێ "مۆدێرنیتە" هەڵگریتەی، مشتوومڕیان لەسەرە و تا ڕادەێک دەکرێ ئەو مشتوومرڕانە بە مەسەلەی "سیاسی" ببینین. سەبارەت بە بۆچوونی جیاواز لە مەڕ مۆدێرنیتە، بڕۆانە:

Sven-Erik Liedman, *I Skuggan av framtiden: Modernitetens idéhistoria* (Stockholm, Bonnier Alba, 1997); Jürgen Habermas, ”Modernity: An Unfinished Project”, in *Habermas and the Unfinished Project of Modernity: Critical Essays on* The Philosophical Discourse of Modernity, ed. by Maurizio Passerin d’Entréves & Seyla Benhabib (Cambridge, MA: MIT Press, 1997); Fredrik Miegel & Thomas Johansson *Kultursociologi* (Lund: Studentlitteratur, 1996).

مەبەست لەو چەند ئاوڕدانەوە مێژووییەی سەرەوە پێداگرتنە لەسەر ئەوەی کە روانگەیەکی مێژوویی هەمیشەییە بەکەڵکە هەم بۆ ئەوەی بزانین فیکری سیاسیی باوو زاڵ لە کوێوە سەرچاوەی گرتووەو هەم بۆ ئەوەی بتۆانین "ڕەخنەگرانە" فیکری سیاسی هەڵسەنگێنین و بێگومان هەروەها بۆ ئەوەی بتۆانین بڕوانینە داهاتووو فیکری سیاسیی نوێ داهێنین.

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هێگل، پێویست دەکا هێندێك زۆرتر لەسەر تێگەیشتنی ئەو لەمەڕ مێژووو هێندێك مەسەلەی دیکەی پەیوەندیدار بدوێین پێش ئەوەی بچینە سەر کارتێکردنی هیگل لەسەر مارکسو دواتر کارتێکردنی مارکس لەسەر د. قاسملوو .

لەسەرەوە باس لە تیۆری مۆدێرنیزاسیۆن کراو تیشك خرایە سەر ریشەی هێگلی ئەو تیۆرییە، واتە ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ مێژوو پرۆسەیەکی ئاراستەدارە. لە راستیدا فوکۆیاما ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ مەسیحییەتو بە تایبەتی بۆ فەیلەسوفی هەڵکەوتوویی ئاڵمانی سەدەی 18 ئیمانوێل کانت (Immanuel Kant)، کە رای وا بوو دەبێ شتێك بە ناو "مێژووی گەردوونی" ( Universal History) مرۆڤایەتی بنووسرێ. نووسینی مێژوویەکی وا ئەرکی تۆمارکردنی گشت رووداوەکان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا نیە، "بەڵکوو هەوڵێکە بۆ بینینەوەی نەخشەیەکی مانادار لە رەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە گشتی."[7] بە پێی ئەو بیرۆکەیە، ئەگەر مێژوو ئاراستەیەکی هەبێ، دەبێ دواقۆناغێك و کۆتاییێکیشی هەبێ. لەلای مەسیحییەت نیشانەی دوا قۆناغی مێژوو رۆژی قیامەتەو کردنەوەی دەرگا بەرەو بەهەشت. لەلای کانت ئەو دواقۆناغە نیشانەی گەشەسەندنی ئازادیی مرۆڤە لە گەیشتن بە حکوومەتی کۆماری (republican government) و لەودا دەستەبەرکردنی دەستووری مەدەنی. هەڵبەت کانت لە دواساڵەکانی تەمەنیدا دەستی کرد بە نووسینی "مێژووی گەردوونی" و پێی وابوو کە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە لە تۆانای ئەودا نیە. بەدوای ئەودا، هیگل بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆی خۆی.[8]

لە نووسینی ئەم مێژووەدایە کە هێگل باس لە گەشەسەندنی "رۆحی جیهانی" دەکا. هەڵبەت راڤەی جیاواز لە هێگل کراوە. یەکێك لە هۆیەکانی ئەو راڤە جیاوازانە ئەوەیە کە هێگل بە ئاڵمانی دەستەواژەی"Geist" بەکار دەبا، کە هەم مانای "ڕۆحی" هەیەو هەم مانای "هۆش". لە بەر ئەوەی "ڕۆح" بیری مرۆڤ دەبا بۆ لای تارماییو بوونەوەرێکی بێجەستە، فەلسەفەی هێگل وەك فیکرێکی رازورۆژین (mystical) لە قەڵەم دراوە. هەڵبەت، هێگل زاراوەی “Geist” بە هەردوو مانا بەکار دەبا. من هێگلناس نیمو لە بەر ئەوەی خوێندنەوەی خۆم لە بەرهەمەکانی هیگل زۆر سنووردارە، بە دروستی نازانم لێرەدا هیچ هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە بگرمو ئەو مەسەلەیە دەهێڵمەوە بۆ هێگلناسەکان، بەڵام زۆرتر ئەو راڤەی فۆکویامام لا پەسەندە کە “Geist” یان "رۆح" وەك "هۆشی بەکۆمەڵی مرۆڤایەتی" راڤە دەکا.[9] راڤەی فۆکویاما لەم رووەوە دەکرێ بڵێین نزیکە لەو راڤەی کە پیتر سینگر لە کتێبێکی بچووكو خنجیلانە بە ناوی "هێگل: سەرەتایەکی زۆر کورت"، بەڵام زۆر دەوڵەمەند لە نێوەرۆکدا، لە فەلسەفەی هێگل کردوویەتی.[10]

---

[7]بڕوانە:

Fukuyama, *The end of history and the Last Man*, p. 55. ["…but rather an attempt to find a meaningful pattern in the overall development of human societies generally."]

[8]بڕوانە:

Fukuyama, op. cit., pp. 57-59.

[9]بڕوانە:

Fukuyama, op. cit., p. 60.

[10]بڕوانە:

Singer, *Hegel: A very Short Introduction*, pp. 60-62.

سینگر لەو کتێبەد کاتێك کە باس لە هەوڵی هێگل بۆ نووسینی مێژووی گەردوونی دەکا، بە قسەیەکی هێگل دەست پێ دەکا کە بەم شێوەیە: "مێژووی جیهان هیچێکی دیکە نیە بێجگە لە گەشەسەندنی هۆشی ئازادی."[11] لە هەوڵی خۆی بۆ نووسینی مێژووی گەردوونی، هێگل لە رۆژهەڵاتەوە دەست پێکدەکاو ئاماژە بەوە دەدا کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی یەك کەس ئازادە؛ دواتر کە مێژوو دەگاتە یۆنانی دێرینو رۆم، دەبینین کە چەند کەس ئازادن؛ بەڵام لەسەردەمی هێگل خۆیدا، واتە سەردەمی مودێرنو لە دەوڵەتی بۆرژوادا، هەموو کەس ئازادە. بە واتایەکی دیکە، ئەو نەخشە ماناداره کە هێگل لە نووسینی مێژووی گەردوونیدا بەدوایدا دەگەڕێ، گەشەسەندنی ئازادییە.

ئەوەی کە لە رووی سیاسیەوە گرنگە لە فیکری هێگلدا ئامانجگەراییە (teleology). هێگل پێی وابوو "ڕۆحی جیهانی" لە رێگای پرۆسەیەکی "دیالێکتیکییەوە" بە چەند قۆناغی ناکۆکدا تێدەپەڕێ بەڵام بە سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێڕن ئەو ناکۆکی، کێشە، شپرزی، قەیران، لێکترازانو ناتەریبییەی کە پێکهێنەری واقعییەتو ژیانی مرۆڤایەتین، کۆتاییان پێ دێو جێگا دەدەن بە شێوەێك لە هارمۆنی کە لەودا شتەکان جێگای سروشتیی خۆیان دەگرنو بەو شێوەیە "ڕۆحی جیهانی" لە ئاکامی ئەو رەوتە مێژووییەدا دەگاتە "خۆئاگایی".

ئەو رەوتە دوورودرێژەی "رۆحی جیهانی" دەکرێ بڵێین رەوتی فێربوونو زانینە و، وەك گوتمان، دواجار بە خۆئاگایی کۆتای پێ دێ، کە دەکرێ بڵێین بەرزترین شێوەی زانینە. هێگل پێی وابوو بە هاتنی دەوڵەتی مۆدێڕنو خۆئاگایی رۆحی جیهانی لەودا، مێژوو کۆتایی پێ دێ. هەڵبەت مەبەستی لە "کۆتایی مێژوو"، کۆتایی رووداوە مێژووییەکان نیە، بەڵکوو کۆتاییهاتنی پرۆسەیەکی مێژووی فێربوونو زانینە کە لە خۆئاگایی رۆحی جیهانیدا خۆی دەنوێنێ. ئەمەش لەلای هێگل هەروەها "کۆتایی فەلسەفەش" دەگەیەنێ.[12]

وەك سەرەتا ئاماژەم پێ کرد، رەنگبێ بۆ ئێمە، کە لە سەدەی 21دا دەژین، دەرککردنی فەلسەفەی هێگل گران بێو تەنانەت سەیریش بێتە بەرچاو. هەڵبەت بە وردبوونەوە لە فیکری سیاسیی مارکسو قاسملوو کارتێکردنی ئەو فەلسەفەیە، یان دروستره بڵێین ئەو "مێتافیزیکەمان"، بۆ دەردەکەوێو رەنگبێ ئەوکات دەرککردنی ساناتر بێ.

### مارکس و تارمایی هێگل

لەسەرەتای "مانیفێستی کۆمۆنیزم"دا مارکسو ئێنگێلس باس لە "تارماییەك" دەکەن کە بە گوێرەی ئەوان بە سەر ئورووپادا باڵی داکێشاوە، واتە "تارمایی کومۆنیزم".[13] ئەگەر کەڵك لەو مێتافۆرە وەرگرین بۆ وەسفی کارتێکردنی هێگل لەسەر مارکس، دەکرێ بڵێین تارمایی هێگل هەردەم بەسەر مارکسدا باڵی داکێشابوو. مارکس هەرگیز نەیتوانی خۆی لەو تارماییە رزگار بکا. ئەمەمان لە

---

[11]بڕۆانە:

Quoted in Singer, op. cit., p. 15. [”The history of the world is none other than the progress of the consciousness of freedom.”]

[12]بڕۆانە:
Trond Berg Eriksen, *Förundrans labyrinter: Föreläsningar över filosofisn historia* (Stockholm: Atlantis, 1997), p. 542.

[13]بڕۆانە:

Friedrich Engels & Karl Marx, ”Det kommunistiska partiets manifest”, in *Karl Marx: Texter i urval*, ed. by Sven-Eric Liedman & Björn Linnell (Stockholm: Ordfront, 2003), p. 124.

ئاستی گشتیی فیکری مارکسدا بۆ دەردەکەوێ. هەڵبەت تەنانەت کە ئەگرێیەوە سەر هێندێك وردەکاری لە فیکری مارکسدا، بۆ نموونە تێڕوانینی مارکس بە کارو نامۆبوو (alienation)، کارتێکردنی هێگلمان بۆ دەردەکەوەی.[14] بەڵام با لە پێشدا سەرنجی هێڵە گشتیەکانی فیکری مارکس بدەین.

مارکسیش هەر وەك هێگل هەوڵی نووسینی مێژووی گەردوونی دا. بەڵام مارکس ئەو نەریتە فەلسەفییەی کە هێگلو پێش ئەو کانت تێیاندا کاریان دەکرد، واتە "ئایدیالیزمی ئاڵمانی"، رەد کردەوەو لە جیاتی "ئایدیالیزم"، "ماتریالیزمی" وەك ئالترناتیڤ دانا. تا ئێستا هیچمان لەمەڕ "ئایدیالیزم" نەگوتوە، کە چەمکێکی ئاڵۆزو مشتومڕهەڵگرە. بەڵام ئەگەر ئەو راڤەیەی سەرەوەمان لە فەلسەفەی هێگل پەسند بێ، ئەوجا دەتوانین بڵێین "ئایدیالیزم" بە مانای ئەوە نیە کە لە دەرەوەی فیکرو هۆشی مرۆڤـ واقعیەت وجوودی نیە یان با بلێین کە دونیا گەوهەرێکی رۆحی هەیە. بەڵکوو، بە پێی "ئایدیالیزم" ئەوە فیکر یان ئایدیایە- یان بە قسەی هێگل ئەو رۆحە/هۆشە ـ کە پاڵپێوەنەری گەشەسەندنە لە مێژوودا. با هەر لەم پەیوەندییەدا ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە ئەو گەشەسەندنە، بە گوێرەی هێگل، پرۆسەیێکی خەتی نیە، بەڵکوو پرۆسەیەکی دیالێکتیکییە بەو مانایەی کە بە چەند قۆناغی ناکۆکدا تێدەپەڕی تاکوو دەگاتە کاتی سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێڕن. کاتێك کە مارکس "ماتریالیزم" وەك ئالترناتیڤ دێنێتە ئاراوە، لە جیاتی دەوری فیکر وەکوو پاڵنەری گەشەسەندن لە مێژوودا، دەوری "پەیوەندییە مادییەکان" لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکیدا قوت دەکاتەوە. بە بۆچوونی مارکس، ئەوەی کە دەبێ بەردی بناغەی تیۆرییێکی "زانستی" بێ، "ژێرخانی" ئابوورییە. لە پشت کێشە "ئایدیۆلۆژییەکانەوە" بەرژەوەندی ماددی یان ئابووری راوەستاوە. بە پێچەوانەی مانای باوی "ئایدیۆلۆژی"، مارکس "ئایدیۆلۆژی" بە شێوەیەکی لە هۆشی چەواشە (false consciousness) دەزانێ، یان با بڵێن لێکدانەوەوراڤەی چەواشە لە واقعیەت. لە پشت خۆنواندنی شتەکانەوە، واقعیەتێکی راستەقینە هەیەو ئەو واقعیەتەش واقعیەتێکی ماددییە. مارکس دەڵێ: "هەموو زانست بێفایدە دەبوو ئەگەر شێوەی خۆنواندنی شتەکانو گەوهەری [ئەو شتانە] هاوتەریب بوایەن."[15] ئەم تێگەیشتنەش لە "زانست" وا دەکا کە مارکس بە دوای "گەوهەری" شتەکاندا بەگەڕێو ئەو گەوهەرەش لە پەیوەندییە مادییەکاندا دەبینێتەوە.

مارکس باس لە "شێوەی بەرهەمهێنان" لە قۆناغی جیاوزی مێژووییدا دەکاو لە هەر قۆناغێکدا گرووپی کۆمەڵایەتی جیاواز دەستنیشان دەکا کە هەڵقوولێوی شێوەیەکی دیاریکراون لە بەرهەمهێنان. بە هۆی کێشەی بەرژەوەندیی لە نێوانیاندا، چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکەونە ململانێوە لەگەڵ یەکتر. ئەو "شێوە بەرهەمهێنانەی" کە بوو بە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مارکس، سەرمایەدارییە. ئەم شێوە بەرهەمهێنانەش تایبەتمەندییکی دیاریکراوی بە پەیوەندییە چینایەتییەکان بەخشیوە؛ "سەردەمی ئێمە، سەردەمی بۆرژۆازیی، خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە: ئەویش ئەوەیە کە کێشە چینایەتییەکانی سادە کردوەتەوە. کۆمەڵگا بە گشتی بەرە بەرە دابەش دەبێ بە سەر دوو بەرەی دوژمنی یەکتر، دوو چینی گەورە کە راستەوخۆ بەرانبەر بە یەکتر راوەستاون، بۆرژواو پرۆلیتێر."[16] لەو جێگایەی هێگل دەڵێ مێژووی جیهان مێژووی

---

[14]بڕوانە:

Eriksen, *Förundrans labyrinter*, p. 535.

[15]بڕوانە:

Karl Marx, *Kapitalet*, bok III, quoted in *Kapital, rationalitet och social sammanhållning*, ed. by Anders Boglind, Sven Eliaeson & Per Månson, (Stockholm: Rabén Prisma, 1995), p. 95. [”…all vetenskap överflödig om tingens framträdelseformer och väsen sammanföll.”]

[16]بڕوانە:

Friedrich Engels & Karl Marx, op. cit., p. 126. [”Historien om alla hittillsvarande samhällen är historien om klasstrider.”]

گەشەسەندنی هۆشی ئازادییە، مارکس دەڵێ "مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان تاکوو هەنووکە، مێژووی کێشەی چینایەتییە".[17]

هەر لەم بەراوەردکردنە کورتەدا کارتێکردنی هێگلمان لەسەر مارکس بۆ دەردەکەوێ؛ لەلای هەردوو بیرمەند هەوڵی نوسینی مێژووی گەردوونی دەدرێو هەردوو بیرمەند پابەندن بە تێگەیشتنێکی "دیالێکتیکی" لە پرۆسەی گەشەسەندن لە مێژوودا. ئەوەی کە لێکیان جیا دەکاتەوە مەسەلەی "ئایدیالیزم"و "ماتریالیزمە". بێ گومان زۆر مەسەلەی دیکەش هەن کە لێکیان جیا دەکاتەوە، لانیکەم بە پێی تێگەیشتنی مارکس بۆ خۆی.

مارکس لە گرنگترین بەرهەمیدا، واتە "سەرمایە"، دەنووسێ:

> سەرباری ئەوەی کە دیالێکتیك لە دەستی هێگلدا رازورۆژێن دەبێ، دیسانەوە مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەوە هێگلە کە بۆ یەکەمجار شێوە گشتیەکانەی جوڵانەوەی [دیالێکتیکی] بە تێروتەسەلیو ئاگایانە دەخاتە روو. [هەڵبەت] دیالێکتیك لەلای ئەو لەسەر سەری راوەستاوە. دەبێ لەسەر لاقی دابنێین بۆ ئەوەی لە پشتی ئەو پۆششە رازورۆژێنەوە کاکڵەی ئەقڵانی [دیالێکتیك] بدۆزینەوە.[18]

ئەم قسەیە هەڵگری دوو راستی کەم تا زۆر ناکۆکە. لە لایەکەوە مارکس ئایدیالزم[19] رەد دەکاتەوەو بەو مانایە راست دەکا کە دەڵێ دێنێو دیالێکتیکی هێگلی لەسەر لاقی دادەنێ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ورد دەبینەوە لە فیکری مارکس، ماکە بنەڕەتییەکانی مێتافیزیکی هێگل ـ ئەگەر بۆم هەبێ دیسان ئەو مێتافۆری "مانیفێستی کومۆنیزم" بەکار بێنم ـ وەك تارماییەك باڵیان بەسەر فیکرو بەرهەمەی مارکسدا داکێشاوە. دەکرێ بڵێین "کارتێکردنی" هێگل لەسەر مارکس، زۆرتر لە نەفی هێگلدا خۆی دەنوێنێ. بەڵام ئەگەر مارکس هێگل لە دەرگای پێشەوەی ساختمانی تیۆریی خۆی وەدەر دەنێ، ئەو لە دەرگای پشتەوە وەك تارماییێك دیسان دێتەوە ژوورێ.

باشە بۆ لێرەدا پێویست دەکا ئەوەندە لەمەڕ کارتێکردنی هێگل لەسەر مارکس جەخت بکرێتەوە؟ خۆ بیرمەند نیە کە، هەرچەند خاوەنی رەسەنایەتییێکی بەرچاویش بێ، لە ژێر کارتێکردنی بیرمەندانی پێشوو یان سەردەمی خۆیدا نەبێ. بەڵام لە کەیسی مارکسدا دەبێ لەسەر ئەو مەسەلەیە جەخت بکەیەوە چوونکە لافی ئەوە لێ دەدا کە ئالترناتیڤێکی ماتریالیستی لە بەرانبەر ئایدیالیزمی هێگلدا هێناوەتە ئاراوە کە بە پێی تێگەیشتنی خۆی دابڕانێکی گەورەیە لەگەڵ نەریتی فەلسەفی رۆژئاواو گۆڕانێکی فیکری بنەڕەتییە. بەڵام ئەگەر بۆ ساتێك جیاوازی ئایدیالیزمو ماتریالیزم بنێن بەلاوە، بە بەراوەردکردنێك لە نێوان فیکری هێگلو مارکسدا، کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش یان زۆر لەیەك نزیکمان بۆ دەردەکەوێ، کە فۆکویاما بە شێوەیەکی کورتو چڕ ئاوا دەیانخاتە روو:

---

[17]بڕوانە:

Friedrich Engels & Karl Marx, op. cit., p. 125.

[18]بڕوانە:

Karl Marx, *Kapitalet*, bok I, quoted in *Kapital, rationalitet och social sammanhållning*, ed. by Anders Boglind, Sven Eliaeson & Per Månson, (Stockholm: Rabén Prisma, 1995), p. 99. [”Trots att dialektiken i Hegels händer blir mystifierad, så är det inte desto mindre han som först har framställt dess allmänna rörelseformer på ett uttömmande och medvetet sätt. Den står hos honom på huvudet. Man måste ställa den på fötter för att bakom det mystiska höljet upptäcka den rationella kärnan.”]

[19] وەک لەو گوزارەیەی مارکس لەمەڕ "دیالێکتیکی" هێگل دەردەکەوەێ، راڤەی مارکس لە "ئایدیالیزم" ئەوەیە کە فەلسەفەیێکی رازوروژێنە. هەڵبەت وەک پێشتر باس کرا، دەکرێ بە شێوەیێکی دیکە "ئایدیالیزم" راڤە بکرێ.

[مارکس ئەو بیرۆکەیەی لە هێگلەوە وەرگرت کە دەڵێ] کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە پێی زەمان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەرەتاییەوە گەشەی سەندوە بەرەو پێکهاتەی پێچیدەتر و پێشکەوتووتر. مارکس هاودەنگ بوو [لەگەڵ هێگل لەمەڕ ئەوەی] کە پرۆسەی مێژوویی لە بنەڕەتدا [پرۆسەیەکی] دیالێکتیکییە، بەو مانایەیی کە شێوەی ریکخستنی سیاسیو کۆمەڵایەتیی پێشوو هەڵگری "ناکۆکی" نێوخۆیی بوونو ئەو ناکۆکییانە بە پێی زەمان دەرکەوتنو بوونە هۆی لەنێوچوونیانو جێگایان بە شتی بەرزتر پڕ کرایەوە. هەروەها بڕوای هێگل بە مومکینبوونی کۆتایهاتنی مێژوو لەلای مارکسیش بەدی دەکرێ. واتە، مارکس پێشبینی دواشێویەکی لە کۆمەڵگا کرد کە لە ناکۆکی رزگاری دەبێو گەیشتن بەو شێوە کۆمەڵگایە، کۆتایی بە پرۆسەی مێژوویی دێنێ.[20]

کەوابوو، ئەگەر دواقۆناغو ئامانجی کۆتایی مێژوو لەلای مەسیحییەت بەهەشتەو لەلای هێگل وەدەستهێنانی خۆئاگاییە لەلایەن "ڕۆحی جیهانییەوە"و لەو پەیوەندییەدا مەیسەربوونی ئازادی بۆ هەمووکەس لە دەوڵەتی مۆدێرندا، لەلای مارکس دەبێ بە وەدەستهێنانی هۆشیاریی سیاسی یان خۆئاگایی لەلایەن "چینی کرێکارەوە" بە پێکهێنانی "دیکتاتوریەتی شۆڕشگێڕی پرۆلێتاریا" لە کاتی قۆناغی گواستنەوەداو دواجاریش بەرە بەرە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتو وەدیهاتنی سوسیالیزم کومۆنیزم.[21] بە واتایەکی دیکە "لە جیاتی رۆحی جیهانی لەلای هێگل، [مارکس] هێزی بەرهەم هێنان دادەنێ. لە جیاتی ململانێی نێوان فیکری جیاواز [کە بە پێی فەلسەفی هێگل، ململانێی نێوان فیکری جیاوازە کە پاڵپێوەنەریی گەشەسەندنی مێژووە، مارکس لە تیۆری خۆیدا] ململانێی نێوان چینی کۆمەڵایەتیو ئابووری دادەنێ".[22]

### قاسملوو و "سوسیالیزمی دێموکراتیك": هەنگاونان بەرەو خۆ رزگارکردن لە "مێتافیزیکی رۆژئاوا"

ئەگەر بە پێی ئەو باسەی سەرەوە بڕوانینە فیکری د. قاسملوو، بە روونی ئەو چوارچێوە هێگلی - مارکسیستییەمان بۆ دەردەکەوەێ. بۆ نموونە لە یەکێك لە وتارەکانی لە ژێر ناوی "ئابووری سەرمایەداری"، د. قاسملوو دەفەرمێ:

---

[20] بڕوانە:

Fukuyama, *The End of History and the Last Man*, pp. 64-65. ["Marx accepted from Hegel … the notion that human society has evolved over the course of time from primitive social structures to more complex and highly developed ones. He agreed as well that the historical process is fundamentally dialectical, that is, that earlier forms of political and social organization contained internal 'contradictions' that became evident over time and led to their downfall and replacement by something higher. And Marx shared Hegel's belief in the possibility of an end of history. That is, he foresaw a final form of society that was free from contradictions, and whose achievement would terminate the historical process."]

[21] شایانی باسە کە مارکس لە بەرهەمەکانیدا جیاکری لە نێۆان "سوسیالیزم" و "کومنیزم"دا ناکا، بەڵکوو ئەوە لێنین بوو کە ئەو جیاکارییەی لە بەر تیشکی قۆناغبەندی مێژوو لە فیکری مارکسدا کرد و دەستەواژەی "سوسیالیزمی" بۆ قۆناغی گواستنەوە بەکار برد و دواقۆناغیشی ناو نا "کومنیزم". لەم بارەیەوە، بڕوانە:
David Held, *Demokratimodeller: Från klassisk demokrati till demokratisk autonomi* (Göteborg: Daidalos, 1997), p. 177.

[22] بڕوانە:

Kathleen M. Higgins & Robert C. Solomon, *A Short History of Philosophy* (Oxford/New York: Oxford University Press, 1996), p. 229. ["In place of Hegel's World Spirit there were the forces of production. In place of ideas in confrontation there were competing socioeconomic classes."]

[...] ئەگەر ئەوەمان گوت کە سەرمایەداری سەرەتایەکی مێژوویی هەیە هەر لێرەشدا ئەوەمان گوتووە کە سەرمایەداری دیارە دواڕۆژێکی، پایانێکی مێژوویشی دەبێ. وەك هەموو پەدیدەیەك لە جێگایەك دەست پێدەکاو لە جێگایەکیش خەڵاس دەبێ. شتێك نیە کە ئەبەدی بووبێت، لەسەرەتاوە هەر هەبووبێتو هەتا هەتایە هەر بمێنێتەوە، پەدیدەیەکی ئاوا نیە. پەدیدەیەکی کۆمەڵایەتییە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە پێك‌هاتووە لە هەلومەرجێکی تایبەتیداو لە هەلومەرجێکی تایبەتیشدا لەبەین دەچێ. یانێ راست ئەگەر بڵێین دەبێ بۆچوونێکی دیالکتیکیمان هەبێ [...] ئەو بۆچوونەش ئەوەیە کە سەرمایەداری لە جێگایەك دەست پێدەکاو لە جێگایەکیش دەبێ لەنێو بچێ.[23]

لێرەدا میراتی فەلسەفی هێگلمان لە فیکری د. قاسملوودا بە روونی بۆ دەردەکەوێ. سەرباری ئەوەی کە مارکس تیۆریەکەی خۆی لەمەڕ مێژوو لەسەر بنەمایەکی ماتریالیستی دادەنێو خۆی گوتەنی دێنێتو دیالێکتیکی هێگل لەسەر لاقی دادەنێ، بەڵام دوو مەسەلەی بنەڕەتی، واتە تێگەیشتنێکی دیالێکتیك لە جیهان لەلایەکەوەو ئامانجگەرای مێژووی لەلایەکی دیکەوە، لە قاڵبێکی دیکەدا رادەگرێو ئەو فەلسەفەیە لەلای د. قاسملووش بەدی دەکرێ.

رەنگبێ مێتۆدی "دیالێکتیکی" لە روانگەی فەلسەفیو تیۆریکی سەردەمی ئێمەوە گرفتێکی ئەوتۆ نەبێ، بەڵام ئەوەی کە دەکرێ بڵێین زۆربەی هەرە زۆری بیرمەندانی سەردەمی ئێمە کۆك بن لەسەری، رەد کردنەوەی ئامانجگەراییە. بۆ نموونە فەیلەسوفی بەرجەستەی ئەمریکی ریچرد رۆرتی (Richard Rorty) ئەو شێوە فیکرەی مارکس بە ئامانجگەرایەکەیەوە وەك نەریتی "ئاینی و مێتافیزیکی" رۆژئاوا لە قەڵەم دەدا.[24] بەو پێیە، سەیر نیە کە بە مارکسیزم گووتراوە "ئاینی سێکولار". هەڵبەت دەکرێ بڵێین ئەو تێگەیشتنە دیالێکتیکییەی د. قاسملوو لەمەڕ دیاردەی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی ـ واتە کە هیچ دیاردەیەك نیە کە هەمیشەیی بێ ـ هێندێك کەس لەمەڕ سەرمایەداری بیهێننە ژێر پرسیار. بەڵام مەسەلەی گرنگ ئەوە نیە کە ئایا دیاردەیەك "هەمیشەیی یە" یان نە (چوونکە بێ گومان بە مانایەك ئەوە بۆچوونێکی دروستە کە هیچ دیاردەیەك دایەمی نیەو رەنگبێ لە داهاتوودا مرۆڤایەتیش لە بەین بچێ)، بەڵکوو مەسەلەی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئایا فیکری سیاسی دەکرێ بە بێ "مێتافیزیك" ببێ؟ لە درێژەی ئەم وتارەدا تۆزێك وردتر باس لە مانای "مێتافیزیك" دەکرێ، بەڵام دەتوانین بڵێین دەستەواژەی "مێتافیزیك" لە فیکری فەلسەفیو سیاسی چەند دەیەی دوایدا، بە تایبەتی لەلای رۆرتیو هێندێك بیرمەندی دیکە، بۆ ئەو شێوە فیکرکردنەوە بەکار دەبرێ کە تا ئێستا باسمان لێکردوە، واتە فیکری هێگلی ـ مارکسیستی. دەکرێ بڵێین لەلای د. قاسملوو شێوەیەك لە دوودڵی تیۆری (ambivalence) بەرانبەر بەم فیکرە مێتافیزیکییە بەدی دەکرێ، بەڵام ناتوانی بە تەواوی خۆی لێ رزگار بکا. هەربۆیە، لەسەردێری ئەم بەشەی وتارەکەدا نووسراوە: "هەنگاونان بەرەو خۆڕزگارکردن لە مێتافیزیکی رۆژئاوا".

بۆ تێگەیشتن لەم هەنگاونانە بۆ خۆ رزگارکردن لە مێتافیزیکی رۆژئاوا، گرنگە کە سرنجی ئەوە بدەین کە د. قاسملوو نەك تەنها "دیکتاتۆری پرۆلێتاریا" رەد دەکاتەوەو هەروەها تێگەیشتنێکی دیکەی هەیە لەمەڕ زۆر مەسەلە کە مارکسیست ـ لێنینیستەکانی ئەوکات دۆگماتیکانە بڕوایان پێ بوو، بەڵکوو دەکرێ بڵێین د. قاسملوو بە شێوەیەك لە شێوەکان ئامانجگەرایی مێژوویی،

---

[23] عبدولڕەحمان قاسملوو،"ئابووری سەرمایەداری"، لە نێو **تاقگەی هەقیقەت**، بەرگی یەکەم (ساڵ و شوێنی چاپ نادیار)، ل. 134.

[24] بڕوانە:

Richard Rorty, ”The End of Leninism, Havel, and Social Hope”, in *Truth and Progress: Philosophical Papers*, Vol. 3 (Cambridge: Cambridge University Press, 1998).

بەو شێوەی لای هێگڵو مارکس هاتووە، ڕەد دەکاتەوە. ڕاستە کە د. قاسملوو ـ وەك لەو پاراگرافەی سەرەوەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ ـ بە پێی تێگەیشتنێکی دیالێکتیکی پێی وابوو کە سەرمایەداری کۆتایی پێ دێ، بەڵام پێمان ناڵێ کە حەتمەن دواشێوەیەك لە کۆمەڵگا (final form of society) بەدوایدا دێو بەو شێوەیە مێژوو کۆتای پێ دێ. بە واتایەکی دیکە، د. قاسملوو بۆچوونێکی دێتێرمینیستی (determinist) نیەو ئەوەش نەك تەنها لە "مارکسیستەکان" جیای دەکاتەوە بەڵکوو لە مارکسیش جیای دەکاتەوە.[25] ئەمەمان هەروەها لە بۆچوونی د. قاسملوو لەمەڕ پەیوەندیی نێوان تیۆریو واقعیەت بۆ دەردەکەوێ کاتێك کە لە "کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم" (لەمەوبەدوا "کورتە باس") لە بەرانبەر حیزبی توودەو هێندێك گرووپی دیکەی دۆگماتیکدا دەنووسێ:

> فەرقی ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەستەو تاقمانە ئەوەیە کە، ئەوان هەوڵ دەدەن واقعییاتی وڵاتەکەمان لەگەڵ تیئۆریەکەیان ڕێك بخەن‌و، ئێمە بە پێچەوانە، دەمانهەوێ بە کەڵك وەرگرتن لە تیئۆریو ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکانی دیکەو دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژوویی گەلی کورد، تیئۆریەکە بە جۆرێك ڕێکوپێك بکەین کە وەڵامدەرەوەی واقعییەتی هەڵقوڵاو لە وڵاتەکەمان‌و گەلەکەماندا بێ.[26]

د. قاسملوو خوازیاری کۆمەڵگایەکی "سوسیالیستی دێموکراتیکە"، بەڵام مۆدێلێك لە "سۆسیالیزم" کە گونجاو بێ لەگەڵ هەلوومەرجی کۆمەڵگای کوردستان. دیسانەوە دەبێ لێرەدا لەسەر ئەو خاڵە جەخت بکرێتەوە کە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی هێگڵو مارکس‌و هەروەها تیۆریسینەکانی مۆدێرنیزاسیۆن لەمەڕ پرۆسەی مێژوویی، د. قاسملوو ڕای وا نیە کە مۆدێلێکی یەك چەشنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لە گشت جیهان دێتە ئاراوە. ئەمەمان لە جەختکردنەوەی د. قاسملوو لەمەڕ ئەزموون‌و هەلوومەرجی جیاوازی وڵاتان بۆ دەردەکەوێ. هەڵبەت لەم پەیوەندییەدا وردبینییەك‌و شیرینکارییەکی فیکری لە ڕوانینی د. قاسملوودا هەیە کە شایانی ئاماژە پێ دانە. ئەویش ئەوەیە کە نەك تەنها بە سرنجدانی جیاوازیی هەر سەردەمێکی دیاریکراو لە نێوان کۆمەڵگاکاندا دەبێ مودێلێکی یەك چەشن ڕەد کەینەوە، بەڵکوو بە مانایەکی دیکەی زەمەنی، واتە لە پەیوەندی لەگەڵ پیادەکردنی مۆدێلی ئابووری بۆ داهاتووی هەر وڵاتێك‌و لە داهاتووی هەروڵاتێکدا.[27] هەروها شایانی باسە کە د. قاسملوو هەر لەسەرەتای "کورتە باس" ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە حدکا "حیزبێکی 'مارکسیست' یان 'مارکسیست ـ لنینیست' یان 'کومۆنیست' نیە."[28] دواتر لە "کورتە باس"دا د. قاسملوو لەمەڕ ئەو مۆدێلەی لە سوسیالیزم کە خۆازیاریەتی دەنووسێ:

---

[25] لە جێی خۆیەتی جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکرێ کە "ئامانجگەرای" تایبەت نییە بە هێگلیزم و مارکسیزم. لیبرالیزمیش دەکرێ بڵێین هەڵگری ئامانجگەراییە؛ ئەمە لانی کەم لای فوکویاما وایە، چوونکە ئەویش لە سەر بنەمای شێوەێک لە "دێتێرمینزم" پێشبینی جێکەوتنی گەردوونی "لیبرال دێموکراسی" دەکا. فۆکویاما لە پاشوتەی چاپی دووهەمی "کۆتای مێژوو و ئاخرین مرۆڤ"دا بە ڕوونی دان بەمەدا دەنێ، بەڵام ئەوەشی لێ زیاد دەکا کە "دێتێرمینزی" ئەو وەک ئەوەی مارکس "تۆکمە" (rigid) نییە. بڕوانە: نەبزوواو Fukuyama, "After the 'end of history'", available at: http/www.opendemocracy.net/democracy-fukuyama/revisited_3496.jsp.

[26] قاسملوو، "کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزم"، لە لە نێو **تاقگەی هەقیقەت**، بەرگی یەکەم، ل. 51.

[27] قاسملوو، ه.س.پ.، ل. 33-36. بێ گومان ڕەدکردنەوەی مودێلی یەکچەشنی ئابووری بەو مانایە نیە کە وڵاتان بە پێی مودێلی یەکچەشنی "سیاسی" دانەڕێژرێن. هەڵبەت "یەک چەشنبوون" کە ئەگەڕێتەوە سەر دێموکراسی. بەڵام دێموکراسی دەکرێ، بۆ نموونە، هەم لە شێوەی سیستەمی فێدرال و هەم لە شێوەی نافێدرالدا بهێندرێتە ئاراوە.

[28] قاسملوو، ه.س.پ.، ل. 17.

ئێمە کاتێك دەڵێین: سۆسیالیزممان دەوێ، ئەوە خۆی بە مانای رەدکردنەوەی سەرمایەداری و، لە نەتیجەدا رەدکردنەوەی سوسیال دێموکراسی‌یە. بەڵام ئەگەر گوتمان: "سۆسیالیزمی دێموکراتیك"مان دەوێ، مانای ئەوەیە کە دیسان هەر سۆسیالیزمان دەوێ، بەڵام سوسیالیزمێك کە دێموکراسیشی لەگەڵ بێو پەرەی پێ بدا.[29]

لەو پەیوەندییەدا د. قاسملوو پێ دادەگرێ لەسەر جیاوزازی نێوان "سوسیالیزمی دێموکراتیك" و "سوسیال دێموکراسی" و دەنووسێ:

سوسیال دێموکراسی رێبازێکی رێفۆرمیستیە کە بە ناوی سۆسیالیزم، سەرمایەداری دەپارێزێو هەڵی دەسووڕێنێ، بە ناوی سوسیالیزم کرێکاران هان دەدا بۆ ئەوەی سەرمایەداری قبووڵ بکەن‌و، بە کورتی، دەیهەوێ کە گیروگرفتەکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی کرێکاران لە چوارچێوەی سەرمایەداری‌دا چارەسەر بکا، بێ ئەوەی ئەو چوارچێوەیە تێك بدا، لە حاڵێك‌دا سۆسیالیزم بە مانای رووخاندنی سەرمایەداری بە تەواوی‌و، پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێیە.[30]

کەوابوو، د. قاسملوو هەنگاو هەڵدێنێتەوە بۆ خۆ رزگارکردن لە مێتافیزکی رۆژئاوا، بەڵام ئەو هەوڵە دوودڵی تیۆریی پێوە دیارەو هەر بۆیەش بە تەواوی ئەنجام نادرێ.

هەڵبەت لە راڤە کردنی "کورتە باس" دەبێ، هەر وەك لە پەیوەندی لەگەڵ هەر دەقێکی دیکەی فیکری ـ سیاسی، ئەو کانتێکستە لەبەرچاو بگرین کە لەودا بەرهەم هاتووە. ئەو کانتێکستەش هەلوومەرجێکی فیکری‌و سیاسی دیاریکراو بوو لە بەشێك لە جیهان، لە ئێران‌و کوردستان کە فیکری "چەپ"، ئەویش بە شیوەیێکی دۆگماتیك، دەکرێ بڵێین هێژمونی هەبوو. بۆ نموونە ئەو شەڕەی کە حیزبی کومنیستی ئێران/کۆمەڵە بە سەر حدکایدا سەپاند، لە تێگەیشتنێکی دۆگماتیکەوە لە مارکسیزم ـ لێنینیزم‌و مائۆئیزم سەرچاوەی گرت‌و لەسەر ئەساسی فیکرێکی مێتافیزیکی لەو بابەتە بوو کە رەوایی بەو شەڕە دەدرا لەلایەن کۆمەڵەوە.[31] لە جیهانبینییە دۆگماتیك‌و بەرتەسکەکەی کۆمەڵەدا، کوردستانی ئێران پێك هاتبوو لە دوو چین (چینی کرێکار کە خۆیان بە نوێنەری دەزانی‌و چینی بۆرژوا کە حدکایان بە نوێنەری دەزانی)و شەڕی نێۆان ئەو دوو چینە بە زەرورەتێکی مێژوویی دەزاندرا لە خەبات بۆ گەیشتن بە "کومۆنیزم". لەلایەکی دیکەوە حدکا هەردەم هێرشی تەبلیغاتی دەکرایە سەر لەلایەن گرووپی دیکەی دۆگماتیك، لەوانە حیزبی توودە. بە کورتی، ناکرێ لە لێکدانەوەی "کورتە باس" ئەو کانتێکستە مێژوویەمان لەبەرچاو نەبێ.

بە بۆچوونی من ناکرێ بڵێین د. قاسملوو لە "کورتە باس"دا تەنها رووی لە پێشمەرگەو کادرەکانی نێو حیزبی دێموکراتە. ئەگەر پێمان وا بێ کە "کورتە باس" تەنها رووی لە خوێنەرانی نێو خۆی حیزبە، دەبێ بۆچوونێکی دیکەو گشتی تریشمان قەبووڵ بێ، ئەویش ئەوەیە کە حیزبی سیاسی یەکەیەکی داخراوە. لە راستیدا، هەر حیزبێك، هەر یەکەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری، لە تۆڕیکی پەیوەندیدایە لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی. بە پێی ئەو خاڵانە دەتوانین بڵێین د. قاسملوو لە "کورتە باس"دا هەوڵی ئەوەیە بەرپەرچی هێژمونیی فیکری مارکسیست ـ لێنینیستی‌و بە تایبەتی حیزبی توودە بداتەوە. فکرێکیش کە هێژمونی هەبێ، ناکرێ بە تەواوی رەد

[29] قاسملوو، ە.س.پ.، ل.43.

[30] Ibid.

[31] لێکۆڵینەوەی مێژووی-سیاسی ئەیوب ئەیوب زادە لە مەڕ کۆمەڵە بەڵگەی زۆری تێدان بۆ سەلماندنی ڕاستبوونی ئەو گوزارەیە؛ بڕوانە **چەپ لە ڕۆژهەڵای کوردستان: کۆمەڵە و دۆزی ناسیونالی کورد**، بەرگی یەکەم (شوێنی چاپ نادیار:Nima Verlag، 2002).

بکرێتەوە یان بە تەواوی "لێی بدرێ"، بەڵکوو وەکوو شەڕی پێشمەرگەو چریکی دەبێ پەیتا پەیتاو بە تەحەمول لێی بدرێ.[32] هەڵبەت ئەوە بە مانای نکۆڵی کردن یان کەمڕەنگ کردنەوەی تێگەیشتنی د. قاسملوو لە سوسیالیزم بە مانای "سوسیالیزمی دێموکراتیك" نیە.

هەروها پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی جێدی ئەزموونەی هەیە لەم بوارەدا بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی د. قاسملوو بەرانبەر بە سەرمایەداریو بە تایبەتی سوسیال دێموکراسی لە "کورتە باس"دا. لێکۆڵینەوەیەکی وا نە هەدەفی ئەم وتارەیەو نە دەکرێ لە چوارچێوەی وتارێکی ئاوادا ئەنجام بدرێ.[33]

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ چەند پرسیارێکی دیکە بێنینە ئاراوە. سوسیال دێموکراتەکان لەسەر ئەساسێکی ئەزموونی، مارکسیزمیان رەد کردەوە. کاتێك کە پێشبینیەکانی مارکسیزم دروست دەرنەهاتن ـ بە تایبەتی کە ئەگەرێتەوە سەر پێشبینی مارکس لەمەڕ لەبەینچوونی سەرمایەداری لە ئاکامی قەیرانی ئابووریو ناکۆکییە دەرونییەکانی ئەو سیستمە لە وڵاتانی پێشکەووتوی سەنعەتی رۆژئاواو لە ئاکامدا بەرپابوونی شۆڕشی سوسیالیستی لەو وڵاتانەدا ـ بەو دەرئەنجامە گەیشتن کە مارکسیزم هەڵەیە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ئێدوارد بێرنشتاین (Eduard Bernstein) بدەین کە یەکێك لە بیرمەندانی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمانی بوو.[34]

د. قاسملوو پتر لە 90 ساڵ دوای سوسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان، کە مارکسیزمان رەد کردبووەوە، "کورتە باس" دەنووسێ. ئەو پرسیارەی لێرەدا قووت دەبێتەوە، ئەمەیە کە چۆن دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە دووردرێژەو قەبووڵکردنی سوسیال دێمۆکراسی لە زۆر وڵاتانی پێشکەوتووو سەرکەوتنی بەرچاوی ئەو مۆدێلە سیاسی ـ ئابوورییە، د. قاسملوو سوسیال دێموکراسی رەد دەکاتەوە؟ ناکرێ بڵێین ئاگای لە هەڵەکانی مارکسیزم نەبوو، چوونکە، وەك لەسەرەوە باس کرا، لەمەڕ پەیوەندیی تیۆریو واقعییەت ئاماژە بەوە دەدا کە بە پێچەوانەی پێشبینی مارکسیستەکان، شۆڕش لە وڵاتێکی وەك روسییە رووی دا کە لە بواری سەنعەتییەوە پێشکەوتوو نەبوو.[35] مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ، کە پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، ئەوەیە کە د. قاسملوو بە تەواوی "دیکتاتۆری پرۆلێتاریا" رەد دەکاتەوەو پابەندە بە دێموکراسی. ئەو پرسیارەی کە دێتە پێش ئەمەیە: چیە کە وا دەکا د. قاسملوو خوازیاری لەبەینچوونی سەرمایەداری بێو مۆدێلێك لە "سوسیالیزمی دێموکراتیك" پێشکەش دەکا کە رێفۆرمیزمی سوسیال دێموکراسی رەد دەکاتەوە؟ بێ گومان، میراتی فەلسەفەی هیگلی ـ مارکسیستیو گریمانەیەکی (assumption) بنەڕەتی ئەو فیکرە: ئەویش ئەوەیە کە هیچ دیاردەیەك هەمیشەیی نیە، چوونکە ئەگەر لێکدانەوەیەکی دیالکتیکمان هەبێ، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە سەرمایەداری لە بەر ئەوەی لە جێگایەك سەری هەڵدەدا، تەبیعەتەن لە جێگایەکیش کۆتایی پێ دێ.[36] هەروەها د. قاسملوو لە هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی

---

[32] ئەوەی کە زۆر بەرچاوە لە "کورتە باس"دا ئەو شێوە "لێدانەیە" لە حزبی توودە؛ بۆ نموونە بڕوانە ل. 50-51ی "کورتە باس".

[33] ئەنجامدانی ئەو ئەرکە دەسپێرم بە کەسانی دیکە کە دەسترەسیان هەیە بە ماتریالی پێویست و هەروها دەتۆانن چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەو کەسانە بکەن کە ئەوکات لە د. قاسملوو نزیک بوونە و رەنگبێ ئاگاداری بەنرخیان پێ بێ لەسەر ئەو مەسەلانە. هەڵبەت دەبێ ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە پێم وا نیە لێکۆڵینەوەی لەو بابەتە بتۆانەی بە تەواوی و بەدڵنیاییەوە هەموو ئەو پرسیارانەی کە بێنە پێش لەو پەیوەندیەدا، وەڵامیان بداتەوە.

[34] بڕوانە:

Andrew Heywood, *Political Ideologies: An Introduction* (London: Palgrave, 2003), p. 143.

[35] قاسملوو، "کورتە باس"، ل. 28.

[36] خوێنەری وردبین دەبێ سرنجی ئەو خاڵە بدا کە د. قاسملوو دەنووسێ سەرمایەداری "دەبێ" کۆتایی پێ بێ، کە دەکرێ بڵێین بۆچوونێکی دێتێرمینیستی نیە. بە واتایێکی دیکە، د. قاسملوو شێوەێک لە سەربەخۆی بە

سەرمایەداریدا، هەر وەك ماركس، ئاماژە بەوە دەدا كە سیستەمێكە كە لە سرووشتی خۆیدا چەوساندنەوەی تێدایە، چوونكە لە نێوان سەرمایەدارو كرێكاردا "پێوەندی چەوساندنەوە [دادەمەزرێ]. چەوساندنەوە لە بەر ئەوە كرێكار خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان [...] نیەو، بە ناچار هێزی كاری خۆی دەفرۆشێ."[37] سوسیال دێموكراتێك دەبێ بڵێ راستە كە "چەوساندنەوە" هەیە لەسەرمایەداریدا، بەڵام دەكرێ كەم بكرێتەوە، ناكرێ لە بەین ببردرێ. ئەوەیە جیاوازی نێوان سیاسەتی رێفۆرمیستیو سیاسەتی شۆڕشگێڕی. د. قاسملوو لە "كورتە باس"دا ئیستدلال بە پشتیوانی سیاسەتی شۆڕشگێڕی دێنێتەوە.

هەڵبەت دەبێ دیسانەوە كانتێكستی مەسەلەكانمان لە بەرچاو بێ: د. قاسملوو لە كاتی نووسینی "كورتە باس"، واتە لەسەرەتای 1980، لە كانتێكستی رۆژهەڵاتی ناویندا فیكری دەكردەوە كە ماركسیزم لەوێدا هێژمونی فیكری هەبوو ـ لانیكەم لە دەیەی 1970وە تاكوو كۆتایی 1980. هەروها ناكرێ چاوپۆشی بكەین لە "شەپۆلی چەپ" یان "چەپی نوێ" لە دەیەكانی 1960و 1970 لە ئەوروپادا، كە رینێسانسێكی تیۆریو سیاسی بوو بۆ ماركسیزمو بێ گومان دەبێ كارتێكردنی هەبووبێت لەسەر د. قاسملوو. لەوانەش گرنگتر، بوونی "سوسیالیزمی مەوجوود" لە سۆڤیەتی پێشووو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا دەبێ لەبەرچاو بگرین.

بە كورتی، بە پێی هیژمونیی ماركسیزم لەو سەردەمەدا، سەیر نیە كە د. قاسملوو خۆی بە تەواوی لە میراتی فەلسەفەی هێگلی ـ ماركسیستی رزگار نەكردبوو، بەڵام ناشكرێ نكۆڵی ئەوە بكەین كە "كورتە باس" نیشانەی هەنگاوێكە بۆ خۆ رزگاركردن لە مێتافیزیكی رۆژئاوا.

### پاش ماركسیزم: رەد كردنەوەی "مێتافیزیك"

شكستی ماركسیزم ـ یان دروستره بڵێین "ماركسیزمەكان" ـ وەك تیۆریو وەك پراكتیكی سیاسی مێژوویێكی ئاڵۆزی هەیەو ئەم وتارە بە مەبەستی خۆی نازانێ كە بە وردی لەو مێژووە بدوێ. بەڵام دەكرێ ئاماژە بەو هەوڵە تیۆریانە بدەین كە لە چوارچێوەی "ماركسیزمی رۆژئاوادا" ئەنجام دران، بۆ ئەوەی ماركسیزم وەك تیۆریی زیندوو رابگیردرێ. هەڵبەت ئەو هەوڵانە، هەوڵی دۆگماتیك بە مەبەستی رزگاری كردنی ماركسیزم لە مەرگ نەبوو، بەڵكوو هەوڵگەلی "رەخنەگرانە" بوون بە مەبەستی پێداچوونەوەی ماركسیزم. تایبەتمەندیی ماركسیزمی رۆژئاوا رەدكردنەوە جیاكاری تۆكمەی ماركس بوو لە نێوان "ژێرخان"و "سەرخانی" كۆمەڵگاو هەروەها بە پێچەوانەی ماركس كە پێی وابوو پەیوەندییە مادییەكانی ژێرخان واقعیەتی راستەقینە پێك دێننو گۆڕەپانی سەرخانی كۆمەڵگا سێبەری ژێرخانە، ئەم بیرمەندانە گرنگیەكی زۆریان دا بە مەسەلە فەلسەفی، هونەرییو كولتوورییەكان، واتە ئەو مەسەلانەی كە لە تیۆریی ماركسیستیدا خرابوونە خانەی "سەرخانەوە".[38]

---

سیاسەت دەبەخشی كە دێتێرمینیزمی ماركسیستی بە شێوەێكی سەیر رەدی دەكاتەوە. سەیربوونی ماركسیزم لەم رووەوە لەوەدایە كە لەلایەكەوە دەڵێ سەرمایەداری بە هۆی هێندێک تایبەتمەدنی كە لە جەرگەی ئەو سیستەمەدان، درەنگ یان زوو گۆڕی خۆی دەكەنەێ یان با بڵێین كۆتایی پێ دێ، بەڵام لەلایێكی دیكەوە هەوڵی هەموو حزبە ماركسیستەكان ئەوە بوو كە لە رێگای "هۆشیاركردنی" چینی كرێكار "شۆڕشی" سوسیالیستی بەرپا بكەن (یان بە واتایێكی دیكە سەرمایەداری كۆتایی پێ بێنن). ئەم "سەیربوونەش" بێ گومان هەروها لە ئامانجگارایی لیبرالیشدا بەدی دەكرێ. ئەمە بە تایبەتی لە لای فۆكویاما بەدی دەكرێ، چوونكە ناوبراو، وەک ئاماژەی پێ كرا، راشكاوانە پابەندە بە شێوەێک لە دێتێرمینزم و دەڵێ هێندێک هێز لە بنەوەی (underlying forces) گەشەسەندنی كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەن كە بەرەو لیبرال دێموكراسیمان دەبەن.

[37] قاسملوو، "كورتە باس"، ل. 24.

[38] برۆانە:

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ئەندامانی "قوتابخانەی فرانکفۆرت" (Frankfurt School) وەکوو بۆ نموونە هابرماس بدەین، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان کەڵکیان لە مارکسو میراتی مارکس وەرگرتووە لە داهێنانی "تیۆریی رەخنەگرانە" لەمەڕ کۆمەڵگا. بەڵام لە هەندێك رووی بناغەییەوە، بنەما تیۆرییەکانی مارکسیزمیان رەد کردەوە. بۆ نموونە کاتێك کە هابێرماس بینی کە دەوڵەت لەسەردەمی سەرهەڵدانی حکوومەتی خۆش بژێوی (رفاهی) لە رۆژئاوا بە شێوەیەکی چالاکانە هەوڵی کەمکردنەوەی جیاوزی چینایەتی دەدا، بەو دەرئەنجامە گەیشت کە دەبێ بۆچوونی باوی مارکسیستی[39] لەمەڕ دەوڵەت (کە دەلێ دەوڵەت تەنها ئامرازێکە لە دەست چینی بۆرژواداو هیچ سەربەخۆییێکی نیە) رەد کەینەوە.[40] پێداچوونەوە بە تیۆری مارکسیستی لە پەیوەندی لەگەڵ گریمانەکانی ئەو تیۆرییە لەمەڕ دەوڵەتو زۆر مەسەلەی دیکە، پێداچوونەوەی گرنگ بوون، بەڵام تاکوو دەیەی 1970و 1980ی کێشا تاکوو مارکسیزم وەك تیۆری ئیدی لە رۆژئاوادا کەم تا زۆر بە تەواوی رەد بکرێتەوە. ئەم رەدکردنەوەش لەلای مارکسیستەکان بۆ خۆیان رووی داو بە دوای ئەودا، لە نێو ئەواندا، رەوتی دیکەی فیکری سەریهەڵدا کە دەکرێ بڵێین بە هەموو شێوازەکانیانەوە لە یەك شتدا یەك دەگرنەوەو ئەویش ئەوەیە کە فیکری "پاش مارکسیستین". ئەویش بەو مانایەی کە بنەما تیۆرییەکانی مارکسیزم کەم تا زۆرو بەشێوەی جیاواز رەد دەکەنەوە.[41]

بەرهەمێکی گرنگی تیۆری لەم پەیوەندییەدا لەلایەن ئێرنێستۆ لاکلۆ (Ernesto Laclau) و شانتال موفەوە (Chantal Mouffe) نووسرا. ئەم بەرهەمە لە ساڵی 1985 لە ژێر ناوی "هێژمونیو ستراتیژی سوسیالیستی" چاوی بە دونیا کەوتو خاڵی دەستپێکی قەبووڵ کردنی قەیرانی تیۆریی مارکسیسزمە، بەڵام هاوکات هەوڵێکە بۆ راگرتنی هێندێك هێڵی فیکری مارکسیستی. هەروەها لەپاڵ خەباتی کرێکاران، دان بە خەباتی کۆمەڵێك تەڤگەری دیکەدا دادەنێن ـ لەوانە تەڤگەری فێمینیستی، تەڤگەری ئێتنیکیو نەتەوایەتیو هێندێك تەڤگەری دیکە ـ و پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە چەپ دەبێت بکەوێتە دیالۆگەوە لەگەڵ ئەو تەڤگەرانە لە باتی ئەوەی لە جیهانبینی خۆیدا قەتیس بمێنێتەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا لاکلۆ و موف مەسەلەیەکی دیکەی بنەڕەتی لە مارکسیزمدا دێنە ژێرە پرسیار: ئەویش هێنانە ژێر پرسیاری ئەو دەورە ناوەندیەیە کە لە تیۆری مارکسیستیدا بە چینی کرێکار دراوە.[42]

فەیلەسوفی ئەمریکی رۆرتی دەنووسی کە کتێبی "هێژمونیو ستراتیژی سوسیالیستی" لاکلۆ و موف پەیامەکەی ئەوەیە کە ناچارین سوسیال دێموکراسی قەبووڵ بکەین.[43] کەوابوو، بیرمەندانی نێو رەوتی فیکری "پاش مارکسیستی" ـ هەرچەندە خوازیاری ئەوە بن کە لە تیۆریی دا تا بۆیان

---

Stuart Sim, ”Introduction: Spectres and Nostalgia: *Post*-Marxism/Post-*Marxism*”, in *Post-Marxism: A Reader*, ed. by Stuart Sim (Edinburgh: Edinburgh University Press, 1998), p. 4.

[39] هەڵبەت هێندێک نووسەر ئاماژە بەوە دەدەن کە مارکس دوو بۆچوونی کەم تا زۆر دژ بە یەکی هەبوو سەبارەت بە دەوڵەت. بۆ نموونە بڕوانە:

Held, *Demokratimodeller*, pp. 165-173.

[40] لەمەڕ ئەم بۆچوونەی هابرماس، بڕوانە:

Sven-Erik Liedman, *Mellan det triviala och det outsägliga: Bland ur humanioras och samhällsvetenskapermas historia* (Göteborg: Daidalos, 1998), p. 129.

[41] بڕوانە:

Sim, ”Introduction: Spectres and Nostalgia: *Post*-Marxism/Post-*Marxism*”, pp. 2-8.

[42] بڕوانە:

Ernesto Laclau & Chantal Mouffe, *Hegemony and Socialist Strategy: Towards a Radical Democratic Politics* (London: Verso, 1985).

[43] بڕوانە:

Rorty, ”The End of Leninism, Havel, and Social Hope”, p. 228.

بکرێ وەفادار بمێننەوە بە میراتی مارکس ـ لە کردەوەدا دەبێ سیاسەتی ڕێفۆرمیستی سوسیال دێموکراسی قەبووڵ بکەن. هەڵبەت "لاکلۆ"و "موف" لە ساڵانی دوای بە تەواوی لە مارکسیزم دابڕاوانو ڕوویان کردوەتە فیکری "پۆست مودێرنیستی". تایبەتمەندیی فیکری پۆست مودێرنیستیش ئەوەیە کە نەك هەر تەنها نەریتی "مێتافیزیکی" ڕۆژئاوا ڕەد دەکاتەوە، بەڵکوو هەر چوارچێوەیەکی فیکری لە بابەتی مارکسیزم، کە لە زمانی پۆست مۆدێرنیستیدا بە "حیکایەت" یان "گێڕانەوەی گەورە" لە قەڵەم دەدرێن، ڕەد دەکاتەوە. هەڵبەت دەکرێ ئەوەشی لێ زیاد بکەین کە "حیکایەتی گەورە" لە بابەتی مارکسیزم لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنیستەکانەوە ترسناکە. چوونکە مەترسی ئەوە هەیە کە ببنە فیکری "تۆتالیتاریستی" لە بەر ئەوەی لافی هەقیقەتی گەورە لێ دەدەنو زەرفیەتی ئەوەیان نیە کە جیاوازییە کۆمەڵایەتی، فیکریی‌و سیاسییەکان تەحەمول بکەن. لەو پەیوەندییەدا ڕورتی دەڵێ ئەو دەرسەی دەبێ لە شکستی تیۆری‌و سیاسی مارکسیزمو لێنینیزم وەریبگرین، ئەوەیە کە دەبێ بە تەواوی خۆمان لە نەریتی مێتافیزیکی ڕۆژئاوا ڕزگار بکەین، چوونکە ئەو نەریتەیە کە وا لە بیرمەندانو ڕووناکبیران دەکا ـ هەر لە ئەفلاتۆنەوە تاکوو بیرمەندانی سەردەمی ئێمە ـ کە پێیان وابێ ئیمتیازێکی تایبەتی ڕووناکبیریان هەیەو دەنووسێ:

> [..] هیوادارم کە ڕووناکبیران مەرگی لێنینیزم وەك هەلێك بگرنو خۆیان لەو بیرۆکەیە ڕزگار بکەن کە شتێك لەمەڕ ڕەوتی قووڵو بناغەیی [مێژوو] دەزانن یان دەبێ بیزانن ـ واتە ڕەوتگەلێك کە چارەنووسی کۆمەڵی مرۆڤایەتی دیاری دەکەن.[44]

بە کورتی، شکستی تیۆری‌و کردەکیی مارکسیزمو بێ گومان کۆمەلێك گۆڕانی دیکەی فیکری‌و سیاسی، یەك لەوانە سەرهەڵدانی فیکری "پۆست مودێرنیستی"، بوونەتە هۆی ڕەد کردنەوەی مێتافیزیکی ڕۆژئاواو لەو پەیوەندییەدا ئامانجاگەرایی. ئەمە دەکرێ بڵێین لانیکەم ئەو ڕووناکبیرو چالاکە سیاسییانە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ژێر کارتێکردنی فیکری پۆست مودێرنیستیدا بوون، جا چ بە شێوەیەکی خۆئاگا بووبێ یان نا. هێنانە ژێر پرسیاری باوەڕی کوێرکوێرانە بە دەوری موسبەتی ئەقڵو هەروها پێشکەوتنو هێندێك بیرۆکەی دیکەی پەیوەندیدار، ئەمانە دەکرێ بڵێین لە ئاکامی کارتێکردنی پۆست مودێرنیزمدا ڕوویان داوە.

لەگەڵ ئەوەی کە ڕەوتی فیکری پۆست مودێرنیستی پەنجەی لەسەر هێندێك خاڵی گرنگ داناوەو گرنگیەکی زۆر دەدا بە ڕێزگرتن لە جیاوازی‌و پلورالیزم، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی هەڵە دروست نەبێ، دەبێ هەڵوێستی خۆم بەرانبەر بە پۆست مودێرنیزم ڕوون کەمەوە. ئەو ڕەوتە فیکرییە لە ڕووی سیاسییەوە لە باشترین حاڵەتدا هەڵگری ناڕوونی، دوودڵی‌و ناکۆکییەو لە خراپترین حاڵەتدا، بەهۆی "ڕێژەیی گەرایەکی" تەواو کە تێیدا، ئەو توانایییە لە خۆی زەوت دەکا کە لە ڕووی ئەخلاقی‌و سیاسییەوە بتوانێ ئەولەوییەت بە هیچ ئالترناتیڤێکی سیاسی بداو لە ئاکامدا دەستەپاچەیی کردەوەیی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەدکردنەوەی هەر فیکرێك کە لە ڕوانگەی پۆست مودێرنیستەکانەوە لافی ئەوە لێ بدا کە لەسەر "بنەمای" قایم ڕاوەستاوەو هەروها لافی هەقیقەت بۆ خۆی بدا، چوونکە ئەو شێوە فیکرانە لە ئاکامدا دەبنە هۆی "داخرانی" فیکری‌و مەترسیی ئەوە هەیە کە پلورالیزم نەهێڵنو تەنانەت مەترسی ئەوەی هەیە پاچەڤەیەك بن بۆ

[44] بڕوانە:

Rorty, op. cit., p. 228. ["…I hope that intellectuals will use the death of Leninism as an occasion to rid themselves of the idea that they know, or ought to know, something about deep, underlying forces – forces that determine the fates of human communities."]

"تۆتالیتاریزم". ئەوەش سنووردار نیە بە ئایدیۆلۆژی وەك فاشیزمو مارکسیزمو ئیسلامی سیاسی، بەڵکوو لیبرالیزمیش دەگرێتەوە.[45]

بەڵام هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی بە بێ لاف لێدانی "حەقیقەت"، بە بێ ئەوەی شتی جێگیرونەگۆڕ (فیکس) پێشکەش بکا، ناتۆانی سەرکەوتوو بێ. بێ گومان سیاسەت هەمیشە دیاریکردنی "سنوورە"، هەم سنووری جوگرافیو هەم سنووری نێوان "ئێمە"و "ئەوان" (جا ئەوە سنووری حیزبێك، نەتەوەیەك یان وڵاتێك بێ) و بەو مانایە شێوەیەکە لە "داخستنی تیۆری"، بەڵام ئەوە سرووشتی سیاسەتە. ئەگەر نموونەیەکی زۆر کۆنکرێت بێنمەوە، چۆن دەکرێ حیزبێکی سوسیال دێموکرات باس لە بیمەی بێکاری بە شێوەیەکی دیاریکراو نەکا؟ داخرانی تیۆریو سیاسی بێ یان نە. بۆ هاووڵاتییان گرنگە بزانن حیزبەکان، بە رەنگی جیاوازی ئایدیۆلۆژییەوە، دەیانهەوێ بیمەی بێکاری 60% بێ، 80% بێ یان هەر بە تەواوی ئەو بیمەیە نەمێنێ. بە کورتی، ئەگەر چی پۆست مودێرنیزم لە رووی فەلسەفیو تیۆرییەوە هێندێك مەسەلەی تێدایە کە دەبێ بە جیدی بگیردرێ، بەڵام لە رووی سیاسییەوە بێ کەڵکە. فەیلەسوفی ئەمریکی رۆرتی کە بە یەکێك لە بیرمەندە گەورەکانی فیکری پۆست مودێرنیستی دەژمێردرێ، دەنووسێ "پێم وایە 'پۆست مودێرنەکان' لە رووی فەلسەفییەوە راست دەکەن، بەڵام لە رووی سیاسیەوە گێلن."[46] گەر چی ئێرە جێگای ئەو باسە نیە، بەڵام ئەو جیاکاریەی نێوان فەلسەفەو سیاسەت کە رۆرتی دەیکا، ئاریشەسازەو رای من وایە کە گرفتی سیاسیی پۆست مودێرنیزم لە گریمانە فەلسەفیەکانی یەوە سەرچاوە دەگرێ.

**بەرەو کۆنگرەی 14: "سوسیالیزمی دێموکراتیك" بە چ مانایەك؟**

باشە ئەگەر ئەوەمان قەبووڵ بێ کە مارکسیسزم بە تەواوەی شکستی هێناوەو ئەو شکستەش هۆیەکانی لە جەرگەی تیۆریکی مارکسیزم دانو هەروەها پۆست مودێرنیزمیش ناتوانی ئالترناتیڤ بێ، حیزبی دێموکرات، کە دوای شەهیدبوونی د. قاسملووو د. شەرەفکەندی پێداچوونەوەی بە ئایدیولۆژی سوسیالیستی خۆیدا نەکردووە، بەڵام ئێستا کە نزیك دەبێتەوە لە کۆنگرەی 14ی خۆی نیازی ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی هەیە، دەبێ لە کوێی پانتایی فیکری ـ سیاسی ئەم سەردەمە جێگای خۆی دیاری بکاو دەبێ بە چ شێوەیەك بیکا؟ وەك گوتمان، هەر پێداچوونەوەو هەر گۆڕانێك کە پێش بێ، دەبێ لە چوارچێوەی نەریتی سوسیالیستیی حیزبدا ئەنجام بدرێ. راشکاوانەتر دەکرێ بڵێین، حیزب دەبێ پابەند بێ بە ناسنامەی سوسیالیستیی خۆی. بەڵام بێ گومان، حیزب هەروها دەبێ بەرنامەی سیاسی خۆی لە بەر تیشکی گۆڕانە سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان نوێ بکاتەوە. ئەمەش بۆ حیزب دەبێ کارێکی "ئاسایی" بێ، چوونکە د. قاسملوو نادۆگماتیکبوونی وەك کولتووری سیاسی لە حدکادا جێ خست.

بە لەبەرچاوگرتنی نەریتی سوسیالیستی لە نێو حدکادا، پێویست دەکات قەیرانی سوسیال دێموکراسیو سەرهەڵدانی بیرۆکەی "رێگای سێهەم" لەو پێداچوونەوەدا بدرێتە بەر باس. هۆیەکەشی ئەوەیە کە حیزبی کار (Labour Party) لە بریتانیا رێگای سێهەمی کردووەتە رێبازی خۆیو ئەگەر سەرکەوتنی ئەو حیزبە لە هەڵبژاردنەکانی بریتانیا وەك پێوەر بۆ "سەرکەوتن" دابنێین، دەکرێ بڵێین ریگای سێهەم سەرکەوتوو بووە. دەکرێ بڵێین حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمانیش لە کاتی

[45] بڕوانە:
Chantal Mouffe, "Democracy, Power, and the 'Political'", in *Democracy and Difference: Contesting the Boundaries of the Political*, ed. Seyla Benhabib (Princeton, N. J.: Princeton University Press, 1996), pp. 248-255.

[46] بڕوانە:
Richard Rorty, *Philosophy and Social Hope* (London/New York: Penguin Books, 1999), p. 18. ["…I think that the 'postmoderns' are philosophically right though politically silly."]

سەرۆکایەتی گێرهارد شرۆدەردا (Gerhard Schröder) ڕێگای سێهەمی گرتە بەر، گەر چی بە "سەنتەری تازە" (Neue Mitte) لە قەڵەم درا. ئەم دوو حیزبە هەروەها ئەندامی ڕێکخراوی سوسیالیست ئەنترناسیۆنالن، کە حدکا لەو ڕێکخراوەدا تاکوو 2005 پێگەی چاوەدێریی هەبووو ئێستا ئەندامی راویژکارە. ئەم حیزبانە، بە ئیزافەی حدکا، کە بەشێکن لەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە سوسیالیستییە هەر جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتر هەبێ، بە پەسەند کردنی بەرنامەی ئەو ڕێکخراوە، بە مانایەك پابەندن بەو تەعبیرەی لە "سوسیالیزم" کە لەو بەرنامەیدا هاتووە. گەرچی ئەویش لەو بەرنامەیەدا بە "سوسیالیزمی دێموکراتیك" ناودێر کراوە، بەڵام لە گەوهەردا فیکرێکی "سوسیال دێموکراتیکە".[47] بە واتایەکی دیکە، حیزبی دێموکرات گەر چی لە تیۆریو لە بەرنامەدا تەکلیفی خۆی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئەو تەعبیرەی کە لە "کورتە باس"دا لە مەڕ "سیوسیالیزم" هاتووە ڕوون نەکردووەتەوە، بەکردەوە بە داواکردنی ئەندامەتی لە ڕێکخراوی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال ـ کە ئەویش بە هەوڵو هیمەتی د. قاسملوو بوو ـ و دواتریش وەرگرتنی وەك ئەندامی راوێژکار، پابەند بووە بەو تەعبیرەی لە "سوسیالیزم" کە لە بەرنامەی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال هاتووە. دواتر تیشك دەخرێتە سەر تەعبیری ئەو ڕێکخراوەیە لە سوسیالیزم، بەڵام لە پێشدا دەبێ ئاماژە بە چەند خاڵێك بدرێن.

ئەوەی کە حیزبی دێموکرات بەکردەوە سوسیال دێموکرات بووە، بەڵام لە رووی تیۆرییو فیکرییەوە دەرنەبڕاوە، شتێکی تایبەت نیە بە حدکا. نایەکانگیری تیۆریو کردەوە لە مێژووی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمانو حیزبی کار لە بریتانیادا هەبووە.[48] بۆ نموونە سەردەمێك حیزبی کاری بریتانیا بە هۆی ئەوەوە کە لە بەرنامەی خۆیدا خوازیاری لەبەینچوونی سەرمایەداری بوو، لە راستیدا لە رووی فیکریەوە هەڵگری "سوسیالیزمی دێموکراتیك" بوو بەو مانایەی کە لە "کورتە باس"دا هاتووە، بەڵام بەکردەوە سیاسەتێکی دیکەی دەبردە پێش. هەڵبەت بۆ حیزبێکی سیاسی گرنگە کە سیاسەتی کردەوەیی ڕەنگدانەوەی بەرنامە سیاسییەکەی بێ.

کەوابوو، گرنگە لە بەرنامەی حیزبدا روون بکرێتەوە کە مەبەست لە "سوسیالیزمی دێموکراتیك" ئەوەیە کە لە بەرنامەی سوسیالیست ئەنترناسیۆنالدا هاتووە، چوونکە وەك گوتمان، حیزب بە هۆی ئەندامەتی لە سوسیالیست ئەنترناسیۆنال، بەکردەوە بەرنامەکەشی پەسەند کردووە. بەو پێیەش، پێکهێنانی گۆڕان لە ئامانجی "سوسیالیستی" لە بەرنامەی سیاسی حدکادا، بێجگە لەوەی کە دەبێ لە چوارچێوەی ئەو نەریتە فیکرییە سوسیالیستییەدا بکرێ کە د. قاسملوو داهێنەری بوو، هەروها دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی پەسەندکردنی بەرنامەی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال ئەنجام بدرێ.

### قەیرانی سوسیال دێموکراسیو سەرهەڵدانی بیرۆکەی "ڕێگای سێهەم"

ئەگەر هێنانە ژێر پرسیاری دەوری ناوەندی چینی کرێکار لە تیۆری مارکسیستیدا لەلایەن مارکسیستەکانەوە بۆخۆیان رووی دا، گۆڕانە ساختارییەکانی (structural) کۆمەڵگای رۆژئاوا لە پاش 1970وە، بە تایبەتی لە رووی ئابوورییەوە بوونە هۆی ئەوەی کە چینی کرێکار بە شێوەی نەریتی

[47] بڕوانە:

"Declaration of Principles of the Socialist International", Adopted by the XVIII Congress, Stockholm, June 1989, available at: http://www.socialistinternational.org/4Principles/dofpeng.html. (Accessed on August 24, 2007).

[48] بڕوانە:

Otto Newman & Richard de Zoysa, *The Promise of the Third Way: Globalization and Social Justice* (New York: Palgrave, 2001), p. 25.

خۆی وەك كاتێگۆرییەكی كۆمەڵایەتیو ئابووری جێگای لەق بێو بەرتەسك بێتەوە. گۆڕانی ساختاری لە ئابووری رۆژئاوادا، واتە گۆڕان لە كۆمەڵگای پیشەسازیو سەرهەڵدانی سیستمێكی دیكەی ئابووریو باس كرد لەسەر سەرهەڵدانی "كۆمەڵگای پاش پیشەسازی" و "ئابووری زانین" بووەتە هۆی هەڵوەشانەوەی رێژەیی چینی كرێكار. ئەم پرۆسەیەش، كە بە پرۆسەی "ناسەنعەتی بوون" (deindustrialization) لە قەڵەم دراوە، بێگومان یەكێكە لەسەرچاوەكانی قەیرانی سوسیال دێموكراسی، چوونكە بە لاوازبوونو هەڵوەشانەوەی پەیتا پەیتای چینی كرێكاریی سەردەمی كۆمەڵگای پیشەسازی، بنەمای هەڵبژاردنی سوسیال دێموكراسی لەق بووە، چوونكە چینی كرێكار دەنگیان دەدا بە حیزبە سوسیال دێموكراتەكان.[49]

سەرچاوەیەكی دیكەی قەیرانی سوسیال دێموكراسی، "بەجیهانیبوونی ئابوورییە"، كە بووە بە هۆی ئەوەی حیزبە سوسیال دێموكراتەكان كاتێك كە حكوومەت بەدەستەوە دەگرن، نەتوانن سیاسەتی سوسیال دێموكراسی بەو شێوەی كە لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانییەوە باو بووە، بەرنە پێش. سیاسەتی سوسیال دێموكراسی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لەسەر بنەمای تیۆری ئابووریزانی بریتانیایی كەینز (Keynes) داڕێژرابوو. وەردەكاریی سیاسەتی ئابووری سوسیال دێموكراسی نە بابەتو نە لە توانایی نووسەری ئەم وتارەدایە، بەڵام سیاسەتێكی سەرەكی كەینزیانیزم (Keynesianism) ئەوە بوو كە دەوڵەت كەم تا زۆر دەتۆانێ لە رێگای سیاسەتی داراییەوە كێشەی ئاوسانی ئابووریی كۆنترۆڵ بكاو لە رێگای دانانی كۆمەڵێك رێساوە پارسەنگو سەقامگیری لە بازاڕدا پێك بێنێ. بە جێ گەیاندنی ئەو ئەركانەش، پێویستی بە دەوڵەتێكی گەورەو بەهێز هەبوو، كە لیبراڵەكان هەمیشە دژی راوەستاون.[50] مەسەلەیەكی دیكە رەخساندنی هەلوومەرجی لەبار بوو بۆ پێكهێنانی كار بۆ گشت هێزی كار لە كۆمەڵگادا. هەڵبەت لە ساڵەكانی1970وە سیاسەتی سوسیال دێموكراسی داڕێژراو لەسەر بنەمایی كەینزیانیزم هاتە ژێر پرسیارو ئەوەی كە ببوو بە ئامرازێكی بنەڕەتی حكوومەتە سوسیال دێموكراتەكان، واتە "وەرگرتنی ماڵیاتو خەرجكردن"، كە رێگایەك بوو بۆ فینانزەكردنی سیستەمی خۆش بژێوی، تووشی گرفت هات.[51]

دیاردەی "بەجیهانیبوون" مشتوومڕێكی زۆری لەسەرە. چ بە دیاردەیەكی "تازەی" دابنێین یان نا، یان ئەوەی بەكاربردنی دەستەواژەی "بەجیهانیبوون" بۆ وەسفكردنی هێندێك دیاردەی سیاسی، ئابووریو سیاسی سەردەمی ئێمە درووست بێ یان نا، ناكرێ نكۆڵی لەوە بكرێ كە سەروەری "نەتەوە ـ دەوڵەت"و توانایی ئەو بۆ گرتنە بەری سیاسەتی سەربەخۆی سیاسیو ئابووری، سنووردار بووە. هەڵبەت هێندێك لێكۆڵەری "نوێ ماركسیست" دەڵێن سەرمایەداری هەر لە كاتی سەرهەڵدانییەوە سنووری جوگرافیی بەزاندووەو گەرچی ماركس كەڵكی لە دەستەواژەی "بەجیهانیبوون" وەرنەگرت لە بەرهەمەكانیدا، بەڵام لە لێكدانەوەی لەمەڕ سەرمایەداری نیشانی داوە كە ئەو شێوە بەرهەم هێنانە، لە سروشتی خۆیدا سنووربەزێنە. شارەزایی سیاسی بریتانیایی جەستین رەوزێنبێرگ(Justin Rosenberg) ، كە لە ڕوانگەیەكی "نوێ ماركسیستییەوە" دەنووسێ، بە بۆچوونی من گرنگترین بەرهەمی لەمەڕ بەجیهانیبوون نووسیەوەو ناوی كتێبەكەی ناوە "بینا

---

[49] بڕوانە:

Heywood, *Political Ideologies*, pp. 146-149.

[50] بڕوانە:

Heywood, op. cit., pp. 63-65.

[51] بڕوانە:

Heywood, op. cit., pp. 146-148.

لەرزۆکەکانی تیۆریی بەجیهانیبون". ئەم کتێبە گرنگە نە لە بەر ئەوەی هەموو شتێکی راستە، بەڵکوو لە بەر ئەوەی ئیستدلالی گرنگی تیۆری تێدایە کە ئەگەر مرۆڤـ (نۆێ)مارکسیستیش نەبێ، دەبێ بە بەجیدیان بگرێ.

رەوزێنبێرگ دەلێ باس کردن لە سیستەمی نێودەوڵەتی لە دوای 1648وە وەک سیستەمێک کە پێکهاتبێ لە دەوڵەتگەلێکی "سەروەر" و "سەربەخۆ" بەو مانایەی کە کۆنترۆلێ تەواویان لە سەر چۆارچێوەی جوگرافی، سیاسی و ئابووری خۆیان هەبێ، هیچی تر نییە بێجگە لە ئەفسانەسازی، چوونکە سەرمایەداری هەر لە سەرەتاوە سنووری دەوڵەتانی بەزاندووە و بە پێی زەمان هەموو جیهانیشی داگرتووە. هەروها پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە کۆمەڵێک تیۆریسییەن ئەوەندە زێدەڕووی دەکەن سەبارەت بە تازەبوون و ئاکامی قووڵ و بنەڕەتی بەجیهانیبوون، کە تووشی هەڵەیێکی تیۆری گەورە بوونە، ئەویش ئەوەیە لە تیۆریی ئەواندا بەجیهانیبوون تەوزیحی بەجیهانیوون دەدا، یان با بڵێین ئەو دیاردەیەی کە دەبێ تەوزیح بدرێ (explanandum) لە گەڵ ئەو فاکتەرەی کە تەوزیحی دەدا (explanans)، تێکەڵ دەکرێ. (وەکوو ئەوە وایە کەسێک لە دیاردەی شەڕ بکۆڵێتەوە و لە تەوزیحدانی شەڕدا، شەڕ بۆخۆی وەک تەوزیح دابنێ.) بە پێچەوانەی ئەو کەسانە، رەوزێنبێرگ دەڵێ "بەجیهانیووبن" دەکرێ وەک دەستەواژەێک بۆ شەرحکردن (descriptive term) بەکار بەرین، بەڵام دەبێ تیۆرییێکی کۆمەڵاناسیانەمان هەبێ بۆ تەوزیحدانی ئەو دیاردەیە و ئەو تیۆرییەش بە ڕای ئەو دەبێ تیۆری مارکس بێ لە سەر سەرمایەداری.[52] هەڵبەت دەکرێ بپرسین کە ئایا مارکسیستەکان تووشی هەمان هەڵە نەبوون کە رەوزنبێرگ دەلێ تیۆریسیەنەکانی بەجیهانبیوون تووشی بوون: واتە، ئایا ئەوە سەرمایەداری نییە لە تیۆری ئەواندا کە سەرمایەداری تەوزیح دەدا؟

ئەوانە مەسەلەگەلێکی ئاڵۆزن‌و ناکرێ لەوە زیاتر باسیان لێ بکرێ بە بێ ئەوەی ئەم وتارە لق‌و پۆپی زۆری لێ نەبێتەوە. مەبەست لەو باسە کورتە تا رادەیەك ئەوەیە کە پێچیدەگی مەسەلەکان بخرێتە روو. بەڵام لەبەر تیشکی ئەو باسە کورتەدا دەکرێ بە دەرئەنجامێکی گشتی بگەین: ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەی گرنگ بوون یان نەبوونی "بەجیهانیبوون" نیە، بەڵکوو ئەو پرسیارەی کە دەبێ لێی بکۆڵدرێتەوە مەودای ئەو دیاردەیەو هەروەها رادەی تووندبوونی پرۆسەی هاتووچۆی مرۆڤ، کاڵای مادیی‌و بیرۆکەی جۆراوجۆرە بەسەر سنوورە جوگرافی‌و سیاسییەکانی جیهانی ئەمڕۆدا. بەو پێیە، پرسیاری گرنگ کە ئێمەی کورد دەبێ لە خۆمانی بکەین ئەمەیە: "بەجیهانیبوون" کام لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی، کولتووری‌و سیاسیی ئێمە دەگرێتەوەو رادەی کارتێکردنی ئەو دیاردەیە لەسەر ئەو بوارانەی ژیانی ئێمە چەندەیە؟ ئەمانە بێ گومان پرسیاری ئەزموونین‌و تەنها لە رێگای لێکۆڵینەوەی ئەزموونییەوە وەڵام دەدرێنەوە. پێ داگرتن لەسەر ئەم شێوە هەڵوێستە بەرانبەر بە مەسەلەی بەجیهانیبوون گرنگە، چوونکە لە نێو رووناکبیرو سیاسەتڤانانی کورددا ئێستا باوە کە باسی بەجیهانیبوون بکرێ، بەڵام تا ئەو جێگایەیی من بزانم، هیچ کات نە پێناسەیەکی روون لەو دیاردەیە دەکرێ‌و نە هەوڵی ئەوە دراوە کە بە شێوەیەکی ئەزموونی لە رادەی کارتێکردنی ئەو دیاردەیە لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری توێژینەوە ئەنجام بدرێ. تاکوو ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەی وا ئەنجام دەدرێن، دەبێ خۆمان لە قسەی گشتی‌و باو لە بابەتی "ئێستا سەردەمی بەجیهانیبوونەو ئێمەی کورد دەبێ لەگەڵ ئەو رەوتە بچینە پێش" (یان قسەی دیکەی نارِوونی لەو بابەتە) بپارێزین .

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو گرفتانەی کە دەوترێ بەجیهانیبوون دروستی کردوون بۆ سوسیال دێموکراسی، بە کورتی دەتوانین بڵێین پێوەندی زۆرتری ئابووریی وڵاتان بە یەکترەوەو بە گشتی چڕبوونی پێکەوەگرێدراویی ئابووری‌و سیاسی لە جیهاندا، بەهێزبوونی کۆمپانیا

---

[52]بڕوانە:
Justin Rosenberg, *The Follies of Globalisation Theory* (London: Verso, 2002).

"فرەنەتەوەییەکان"و هاوکات لاوازبوونی نەتەوە ـ دەوڵەت لەبەرانبەریاندا، ئەمانەو کۆمەڵێك فاکتەری دیکە وەك بۆ نموونە زۆربوونی بێکاری، وایان کردووە کە حکوومەتە سوسیال دێموکراتەکان نەتوانن چی دی سیستمی خۆش بژێوی وەك پێشوو رابگرن .

ئەگەر بە کەڵك وەرگرتن لە نموونەیەك مەسەلەکە سادە بکەینەوە دەتوانین ئاوا بڵێین: کۆمپانیایەکی "فرەنەتەوەیی" وەك ئێریکسون (Ericsson) کە مۆبایلفۆنو کاڵای دیکەی ئێلێکترۆنیکی بەرهەم دێنێ، دەتوانێ هەڕەشە لە حکوومەتی وەڵاتێك وەك سوئێد بکا کە ئەگەر ماڵییات نەهێنێتە خوارەوەو بە گشتی سیاسەتێکی ئابووری بە قازانجی کۆمپانیاکان نەگرێتە بەر، بەرهەمهێنانی خۆی دەگوازێتەوە بۆ وڵاتێکی دیکە کە لەوێدا هەم ماڵییات کەمەو هەم مووچەی کرێکاران کەمترە. لە سیناریۆیەکی وادا، لە سوئێد کارخانەی ئێرکسون دادەخرێن، کە دەبێتە هۆی بێکار بوونی خەڵکانێکی زۆر کە بە نۆرەی خۆی هەم بێکاری لە کۆمەڵگای سوئێدا دەباتە سەرو هەم داهاتی دەوڵەت کەمتر دەکاتو هەروەها حکوومەت لە رووی سیاسییەوە لاواز دەبێو ئابووریی وڵات بە گشتی زەبری وێدەکەوێ. بەو شێوەیە بازنەیەکی شووم دروست دەبێ کە دەربازبوون لێی بۆ حکوومەتێکی سوسیال دێموکراتیك، کارێکی سانا نەبێت. هەڵبەت ئەم گرفتانە تەنها پەیوەندییان بەوەوە نیە کە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان "دەسەڵاتیان" لە بەرانبەر دەوڵەتاندا زیادی کردووە، بەڵکوو پەیوەندی بە گۆڕانی ساختاریی لە سیستمی ئابووری لە وڵاتانی رۆژئاوادا هەیە کە لەوێدا بێ کاری بە شێوەیەکی هەمیشەیی بووە بە ئەمری واقعو حەقیقەتێکی تاڵ. هەر بۆیە، کۆمەڵناسی ئاڵمانی "ئولریش بێك" بە قۆناغی ئێستای سەرمایەداری دەڵێ "سەرمایەداریی بە بێ کار".[53]

کۆی ئەو فاکتەرانە وای کردووە کە کۆمەڵناسی ناوداری ئەمریکایی ئانتۆنی گیدێنز ـ کە بە کردەوە بوو بە تیۆریداڕێژەری حیزبی کار لە بریتانیا لە کاتی رێبەرایەتی تەونی بلێر (Tony Blair) ـ باس لە گرنگی گرتنە پێشی "ڕێگای سێهەم"و بەو شێوەیە "تازەکردنەوەی سوسیال دێموکراسی" بکا.[54] باسێکی زۆر لەمەڕ رەچەڵەكو نێوەرۆکی بیرۆکەی رێگای سێهەم کراوەو هەروەها بە تایبەتی لەلایەن چەپە رادیکالەکانەوە کەوتووەتە بەر رەخنەیەکی زۆر، کە لێرەدا مۆڵەت نیە بە وردی باسی ئەو هەموو مەسەلانە بکرێ.

گیدێنز بەرپەرچی هێندێك لە رەخنەگران دەداتەوە کە پێیان وایە "ڕێگای سێهەم" بەمانای رێگایەك بێ لە نێوەڕاستی "چەپی کۆن" و نوێ لیبرالیزم کە دەگوتری باوەڕێکی "فونداممێنتالیستی" بە بازاڕی ئازاد هەیە. ئەو دەڵێ "ڕێگای سێهەم" هەوڵێکە بۆ گرتنە بەری رێگایەك لەوپەڕی سوسیال دێموکراسیی کلاسیكو نوێ لیبرالیزمەوە، یان با بڵێین هەوڵێکە بۆ دەربازبوون (transcend)لە هەردووکیان. هەروها دەڵێ رێگای سێهەم لە پانتایی سیاسەتدا، دەکەوێتە چەپی سەنتەرەوە و هەوڵێکە بۆ "تازەکردنەوەی" سوسیال دێموکراسیی. گیدێنز لە ئاستێکی گشتیدا رێگای سێهەم بە "نوێ پێشکەوتنخوازی" ناودێر دەکا.[55]

رێگای سێهەم خاڵی دەستپێکی قەبووڵکردنی بەجیهانیبوونە وەك ئەمری واقعو هەروەها ئەوەش قەبووڵ دەکا سەرمایەداری گۆڕدراوەو کۆمەڵگا(ی رۆژئاوا) پێی ناوەتە "کۆمەڵگای ئاگاداری" و ئابووری زانین. ئەم سیستمە ئابوورییە تازەیە زۆرتر بە زانینو لێهاتوویی لەلای ئەو

---

[53] بڕوانە:

Ulrich Beck, *Vad innebär globaliseringen? Missuppfattningar och möjliga politiska svar* (Göteborg: Daidalos, 1998), pp. 83-90.

[54] بڕوانە:

Anthony Giddens, *The Third Way: The Renewal of Social Democracy* (Cambridge: Polity Press, 1998).

[55] بڕوانە:

Giddens, ”Neoprogressivism: A New Agenda for Social Democracy”, in *The Progressive Manifesto*, ed, by Anthony Giddens (Cambridge: Polity Press, 2003), p. 2.

تاکە کەسانە دەچێتە پێش کە هێزی کار پێکدێنن. هێزی کارو کۆمپانیاکان لە ئابوورییەکی وادا دەبێ توانایی خۆگونجاندنیان بەرنە سەرێ.[56] قەبوولکردنی ئەم واقعیاتە هاوکات رەدکردنەوەی سوسیال دێموکراسییە بە شێوەی کلاسیکی خۆیو بێگومان هەروەها رەدکردنەوەی نوێ لیبرالیزمە کە خوازیاری ئەوەیە دەوڵەت زۆر بچووك بکرێتەوەو ئەرکی تەنها دابینکردنی ئاسایش بێو پاراستنی وڵات لە هەڕەشەی دەرەکی. نوێ لیبرالیزم هەروەها داکۆکی لە بازاڕی ئازاد دەکاو دژی دەستتێوەردانی دەوڵەتە لە ژیانی ئابووریدا.

بە بەراوەردکردنێکی تۆزێك سیستماتیکتر لە نێوان رێگای سێهەمو سوسیال دێموکراسی (کلاسیك)و (نوێ)لیبرالیزمو هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی رەخنەگەلێك کە ئاراستەی رێگای سێهەم کراون، باشتر دەتوانین لێی تێ بگەین:

• بە پێچەوانەی لێبرالیزم، کە بەردی بناغەی تاك گەراییە (individualism)، رێگای سێهەم پێ لەسەر دەوری کۆمەڵ (community) دادەگرێو ئەو بۆچوونە لیبرالییە رەد دەکاتەوەکە تاکەکان وەك دوورگەی دابڕاو لە یەکتر دەبینێ. بە واتایەکی دیکە، رێگای سێهەم پێ لەسەر پەیوەندی نێوکۆیی تاکەکان لە ژیانی کۆمەڵدا دادەگرێ. لەو پەیوەندییەدا رێگای سێهەم هەروەها رەخنەیەك ئاراستەی لیبرالیزم دەکاو دەڵێ لێبرالیزم زۆرتر پێی لەسەر مافی تاك، بە تایبەتی مافی خاوندارێتی، داگرتووەو رەوایی بە خۆویستی داوە، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی بووە بە هۆی لاوازبوونی بەرپرسیایەتی ئەخلاقیی مرۆڤەکان بەرانبەر بە یەکترو کۆمەڵ. ئەمەش لە ئاکامدا دەبێتە هۆی نەبوونی ئیمکانیات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی (public interest).

• لە کاتێکدا کە لیبرالیزم، بە تایبەتی نوێ لیبرالیزم، خۆازیاری دەوڵەتێکی بچووکە، رێگای سێهەم پێ لەسەر دەوری گرنگی دەوڵەت دادەگرێ لەسەردەمی بەجیهانیبووندا، یان با بڵێین لە قۆناغێکدا کە رەکەبەرییەکی توند لە نێوان وڵاتاندا هەیەو هەر وڵاتێك هەوڵی باشترکردنی باری ئابووریی خۆی دەدا .

• هەڵبەت رەخنەگرانی چەپی رادیکال دەڵێین رێگای سێهەم بەکردەوە تەسلیمی نوێ لبرالیزم بووەو لە گەوهەردا سیاسەتی لیبرالی دەباتە پێشو نەك سیاسەتی سوسیالیستی.[57] ئایا ئەو رەخنەیە لە مەڕ سیاسەتی کردەوەیی حیزبێکی سوسیال دێموکرات وەك حیزبی کار لە بریتانیا بەجێیە یان نا، پرسیارێکی ئاوالایە. بەلام کاتێك کە تیۆری داڕێژەرێکی ناوداری رێگای سێهەم وەك گیدێنز دەنووسێ "دەبێ هەم بازاڕو هەم دەوڵەت بکەونە بەر تاقیکردنەوەی بەرژوەندیی گشتییەوە"،[58] ناکرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە ئەم ئەولەوییەتدانە بە بەرژوەندیی گشتی نەگونجاوە لەگەڵ ئەولەوییەتدانی لیبراڵیزم بە بەرژەوەندیی تاك. بەلام بێگومان لە جێی خۆیەتی کە ئاماژە بەو خاڵە گرنگە بدەین کە "لیبراڵیزم" هەڵگری کۆمەڵێك بیرۆکەو لقوپۆی جیاوازە کە رەنگبێ ناتەبابن لەگەڵ یەکتر؛ دەکرێ لەلایەکەوە سوسیال لیبرالیزم (social liberalism) و لەلایەکی دیکەوە نوێ لیبرالیزم وەك نموونە بێنینەوە. سوسیال لیبرالەکان لە هێندێك رووەوە نزیکن لە سوسیال دێموکراتەکان، چوونکە ئەوانیش خۆازیاری یەکسانی کۆمەڵایەتین ـ بەلام یەکسانییەکی رێژەیی ـ و پشتیوانی لە سیاسەتی خۆش بژێوی دەکەن. هەڵبەت سەرباری لێڵ بوونی سنووری نێوان سوسیال لیبرالیزمو سوسیال دێموکراسی، جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوانیاندا هەیەو ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ

---

[56] بڕوانە:

Heywood, *Political Ideologies*, p. 149.

[57] بڕوانە:

Alex Callinicos, *Against The Third Way* (Cambridge: Polity Press, 2002).

[58] بڕوانە:

Giddens, "Neoprogressivism: A New Agenda for Social Democracy", p. 9. ["Both markets and the state should be subject to overriding tests of the *public interest*."]

روانینی فەلسەفیی هەرکام لەم ئایدیۆلۆژیانە بە مرۆڤ. سوسیالیزم ـ و بێ گومان سوسیال دێموکراسیش ـ مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەبینێو لەسەر ئەو بنەمایە هەمبەستەگی (solidarity) نێوان مرۆڤەکان بە شتێکی کۆمەڵایەتی دەبینێ. سوسیال لیبرالیزم بە پێچەوانە مرۆڤ لە بنەڕەتدا وەك تاکی عەقڵانی دەبینێ. ئەگەر بێتو تاك پشتیوانی لە یەکگرتویی بکات، لە بەرژوەندیی خۆیدا دەبینێ کە ئەو کارە بکات. بە واتایەکی دیکە، یەکگرتویی لە روانگەی سوسیال لیبرالیزمەوە لە بەرژەوەندیی تاکەوە (self-interest) سەرچاوە دەگرێ.[59] هەڵبەت بۆ کەسێك کە زۆرتر گرنگی بە لایەنی "کردەوەیی" سیاسەت دەدا تاکوو مەسەلەی "تیۆری"، رەنگبێ ئەم جیاوازییە فەلسەفییە زۆر گرنگ نەبێ. گرنگ ئەوەیە کە بەکردەوە سوسیال لیبرالیزمو سوسیال دێموکراسی ئامێتە دەبن. ئەمە وەکوو ئەوە وایە کە مرۆڤێکی دیندارو مرۆڤێکی بێ دین هەردووکیان پشتیوانی لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت (سێکولاریزم) بکەن: گەرچی بەکردەوە هەڵوێستیان دەبێتە یەك شت، خاڵی دەستپێکی فەلسەفیو تیۆرییان جیاوازە. کەوابوو، جیاوزی نێوان سوسیال لیبراڵێك و سوسیال دێموکراتێك لە رووی فەلسەفییەوە گرنگە لە بەرچاو بگیردرێ.

• رەنگبێ سەیر بێتە بەرچاو، بەڵام رێگای سێهەم هەروەها بۆچوونی سوسیال دێموکراسی کلاسیکیش لەمەڕ دەوڵەت ـ واتە گرنگی دان بە دەوڵەتێکی بەهێزو ئیجازە دان بە دەوڵەت بۆ دەست تێوەردان لە ژیانی ئابووریی وڵاتدا ـ هێناوەتە ژێر پرسیار. "سەیر" بەو مانایەی کە رێگای سێهەمیش خۆازیاری دەوڵەتێکی بەهێزە. سەرباری گرنگی دان بە دەوری کۆمەڵ لە ژیانی فەرددا، رێگای سێهەم پێ لەسەر بەرپرسایەتی تاکەکەسدا دەگرێ بۆ ئەوەی تاکەکەس بتوانێ بە هەوڵو تەقلای خۆی ژیانی خۆی بەڕێوە بەرێ لە جیاتی ئەوەی چاوەڕوان بێ دەوڵەت لە رێگای سیستمی خوش بژێوییەوە یارمەتی بدا. لێرەدا ئەو رەخنەیەی کە لە سوسیال دێموکراسی گیردراوە لە پەیوەندی لەگەڵ ناکامی نێگەتیڤی سیاسەتی کۆمەڵایەتی قەبووڵ دەکا، واتە وابەستەکردنی هاوڵاتییان بە یارماتیی خۆش بژێویو لەو رێگاوە پاسیڤکردنیان. لەم بەراوەردکردنەدا لە نێوان سوسیال دێموکراسیی کلاسیكو رێگای سێهەم دەکرێ بڵێین رێگای سێهەم تۆزیك سەیر دێتە بەرچاو. بەڵام "سەیربوونەکەی" لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە لایەکەوە هەوڵێکە بۆ دەبازبوون لە هەردوو ئایدیۆلۆژی سوسیال دێموکراسی کلاسیكو نوێ لیبرالیزمو لالەیەکی دیکەوە ـ وەك گیدێنز دەڵێ ـ هەوڵێکە بۆ "تازەکردنەوەی" سوسیال دێموکراسی. بۆ پێشگرتن لە پێکهاتنی سەرلێشێواوی، رەنگبێ باشتر دەبوو کە گیدێنز تەنها باسی لە رێگای سێهەم وەك "تازەکردنەوەی" سوسیال دێموکراسی کردبایە.

• لە کاتێکدا کە لیبرالیزم دەڵێ تاك دەبێ "لەسەر لاقی خۆی راوەستێ"و سوسیال دێموکراسی کلاسیك (دەگوترێ کە) بەڵێنی یارمەتی "خۆش بژێوی لە لانکەوە تاکوو گۆڕ" دەدا، دروشمی رێگای سێهەم ئەوەیە کە "یارماتیی تاکەکان بدرێ بۆ ئەوەی خۆیان یارمەتی خۆیان بدەن".[60]

• بە کورتی تایبەتمەندیی تیۆریکی رێگای سێهەم چەند شتێکە، یەکێکیان رەد کردنەوەی روانینێکی دووفاقییە بە سیاسەت یان با بڵێین ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ یان ئەم ئالترناتیڤە یان ئەو ئالترناتیڤەی دیکە، بەڵکوو شێوەیەکە لە "ئێکلێکتیسیزم" (eclecticism)، یان با بڵێین کەڵك

---

[59] بڕوانە:

Heywood, *Political Ideologies*, pp. 60-62; cf. John Rawls, *A Theory of Justice* (Cambridge, MA.: Harvard University Press, 1971).

[60] بڕوانە:

Heywood, *Political Ideologies*, pp. 150-151; cf. Giddens, ”Neoprogressivism: A New Agenda for Social Democracy”, p. 3.

وەرگرتنی لە بیرۆکەی جیاوازو ئامێتە کردنیان. لەو پەیوەندییەدا گوتراوە کە رێگای سێهەم لە پۆست مۆدێرنیزم دەچێ، چوونکە تایبەتمەندی پۆست مۆدێرنیزمیش رەدکردنەوەی دوالیزمەو هەروەها بەکاربردنی ئێکلێکتیسیزمە. تایبەتمەندییەکی دیکەی رێگای سێهەم "پراگماتیزمە"، بەو مانایەی کە گرنگی دەدا بە سیاسەتێك کە بەکردەوە بەکار بێ تاکوو ئەوەی پابەند بێ بە پرینسیپگەلێکی ئایدیۆلۆژی کە رەنگبێ زۆر کردەوەیی نەبن.[61] هەڵبەت لێرەدا دەبێت وەبیری خۆمان بێنینەوە کە گیدێنز دەڵێ رێگای سێهەم هەوڵێکە بۆ "دەربازبوون" لە سوسیال دێموکراسیی کلاسیك‌و نوێ لیبرالیزم یان، ئەگەر گشتی تر بڵێین، "دەربازبوونە" لە چەپ‌و راست. ئەمەش لە روانگەی ئەوەوە ئامێتە کردن ناگەیەنێ. هەروەها زۆر بە روونی "پراگماتیزم"، بەو مانایەی کە لەسەرەوە باسی لێ کرا، رەد دەکاتەوەو پێ لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی دادەگرێ. هەرچۆنێك بێ، ئەگەر سوسیال دێموکراسی کاتی خۆی بە "رێڤیژنیزم" (واتە پێداچوونەوەو گۆڕانی مارکسیزم) لە قەڵەم درا، رێگای سێهەم بە "نوێرێڤیژنیزم" (واتە گۆڕان یان تازەکردنەوەی سوسیال دێموکراسی) ناودێر کراوە.[62]

• سەرجەم ئەو رەخنەیەی کە لە رێگای سێهەم گیراوە ئەوەیە کە لە باشترین حاڵەتدا نارِوونەو لە خراپترین حاڵەتدا هەڵگری کۆمەڵێك ناکۆکییە.[63] ئەوەی کە لەم رەخنەیەدا بەدی دەکرێ "پێشداوەرییەکە" لەمەڕ ئەوەی کە لە پشت رێگای سێهەمەوە تیۆرییەکی "گەورە" رانەوەستاوە. بەڵام، ئەو رەخنەیە دەکرێ بڵێین سوسیال دێموکراسیی "کلاسیکیش" دەگرێتەوە، چوونکە بە پێچەوانەی مارکسیزم خاوەنی "تیۆرییەکی گەورە" (grand theory) بەو شێوەی کە لەلای مارکس هەیە، نەبووە. سوسیال دێموکراسیی هەر لەسەرەتاوە وەك رەوتێکی فیکری لە وەڵامدانەوە بە پێشبینییە هەڵەکانی مارکسیزم هاتووەتە ئاراوەو لە جیاتی لەنێوبردنی سەرمایەداری، قەناعەتی بە رێفۆرم لەو سیستمەدا هەبووە. هەروەها پابەند بووە بە "دادپەروەری کۆمەڵایەتی"، بەڵام گەرچی لە وڵاتانی رۆژئاوادا لە رێگای سیستمی خۆش بژێییەوە دادپەروەری کۆمەڵاتی کەم تا زۆر دابینکرا، ناکرێ بڵێین سوسیال دێموکراتەکان بەرنامەیەکی روونی تیۆرییان هەبووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. هەروەها دەکرێ بڵێین بە رەد کردنەوەی مارکسیزم، سوسیال دێموکراسی هەمیشە "پراگماتیستی"[64] بووە بەو مانایەی کە لەسەر بنەمای پرینسیپی دۆگمی ئایدیۆلۆژی رانەوەستاوە،

---

[61] بڕوانە:

Heywood, *Political Ideologies*, p. 148.

[62] بڕوانە:

[63] بڕوانە:

Heywood, op. cit., p. 150.

[64] ئەم پێناسەیە لە "پراگماتیزم" تۆزێک بەرینترە لەوەی کە پێشتر باسی کرا. دەکرێ جیاکاری لە نێوان دوو شێوە "پراگماتیزم"دا بکەیەن: 1) بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سیاسی حیزبێک یان وڵاتێک هەموو ئامرازێکی سیاسی کە بەکەڵک بێ و هەموو هاوپەیمانییێک لە گەڵ هیزی دیکە کە بەقازانج بێ، رەوایە. 2) لە بەر تیشکی واقعیەت، بۆ نموو حیزبێکی سیاسی دەبێ ئامادەی پێداچوونەوە و گۆڕان بێ لە فیکر و هەڵوێستی سیاسی خۆی. بەڵام حیزبێک وەک حیزبی دێموکرات کە پابەندە بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هاوکات "پیوەرێکی" بۆ خۆی دیاری کردووە. کاتێک کە گیدێنز "پراگماتیزم" رەد دەکاتەوە، مەبەستی ئەوەیە کە دەبێ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی پێەوەر بێ. بەو پێیە، سیاسەتێک دەتوانی زۆر عەمەلی بێ – بۆ نموونە

بەڵکوو مایەی خۆگوونجاندنی لەگەڵ واقعییەت بووەو ئیجازەی بە سازان‌و رۆنشین داوە لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکاندا. کەوابوو، لانیکەم کە ئەگەڕێتەوە سەر ئەو مەسەلانە، ئەو رەخنەیە لە رێگای سێهەم، لەسەر بنەمای پێشداوەرییەکی تیۆریی راوەستاوە کە بە شێوەیەکی دەرنەبڕاو پێناسەی لە تیۆریی ئەوەیە کە دەبێ "گەورە" بێ.

• بەڵام گرنگە کە ئەو رەخنەش ئاراستەی رێگای سێهەم بکرێ کە لە کاتێکدا بێ کاری زۆرەو هێندێك لێکوڵەر دەڵێن ئەو دیاردەیە باری نالەباری کۆمەڵگای پاش پیشەسازییەو هاوکات سەرەوت‌و سامانێکی زۆر هەیە لە کۆمەڵگای رۆژئاوادا، ئەوانەی کە بێکارن، نەخۆشن یان بە هەر هۆیەك بێ ناتوانن بژێویی خۆیان دابین بکەن، دەدرێنە بەر تانەو توانج‌و زەختیان دەخرێتە سەر.

لە ئاخرین لێکدانەوەدا هەر جۆرێك هەڵوێست بگرین بەرانبەر بە رێگای سێهەم، ناکرێ نکوڵیی ئەوە بکرێ کە قەیرانی سوسیال دێموکراسی بە جێدی گرتووە. هەڵبەت ئەو ناڕوونیانەی کە لە فیکری رێگای سێهەمدا هەن دەبنە هۆی سەختبوونی هەڵوێست گرتن بەرانبەر بەو رەوتە فیکرییە. هەروەها دەکرێ بڵێین رێگای سێهەم بە هۆی ئەوەوە کە بووە بە رێبازی حیزبی کار لە بریتانیاو حیزبی سوسیال دێموکرات لە ئاڵمان‌و ئەو دوو حیزبە ئەندامن لە سوسیالیست ئەنترناسیۆنال، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتۆانێ لانیکەم وەك رەوتێکی فیکری ـ سیاسی ساڵانی دوایی بیداتە بەر باس.

## بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و چەند سرنجێك

وەك پێشتر گوترا حدکا بەکردەوە بە داواکردنی ئەندامەتی لە سوسیالیست ئەنترناسیۆنال پابەند نەبووە بەو تەعبیرەی لە "سوسیالیزم" کە لە "کورتە باس"دا هاتووە، واتە سوسیالیزمێك کە سەرمایەداری رەد دەکاتەوە. دوو خاڵی دیکە لەم پەیوەندییەدا دەبێ ئاماژەی پێ بدرێ. لە بەرنامەی سیاسیی حدکادا راشکاوانە رەد کردنەوەی سەرمایەداری نەهاتووە. د. قاسملوو لە "کورتە باس"دا ئاماژە بەوە دەدا کە لەم رووەوە لەلایەن حیزبە مارکسیست ـ لێنینیستەکانەوە رەخنە لە حیزب گیردراوە، بەڵام دەنووسێ "دیارە ئێمە کاتێك دەڵێین: 'بمرێ ئیمپریالیزم' لە راستی‌دا بەدژی سەرمایەداری دروشمان هەڵگرتووە، چونکە ئیمپریالیزم سیستمی جیهانیی قۆناغی ئێستای سەرمایەدرایە."[65] هەڵبەت "بمرێ ئیمپریالیزم" لە بەرنامەی حیزبدا لە مێژە نەماوە. ئەگەر بڕوانینە بەرنامەی حیزب دوای کۆنگرەی 13، لە فەسڵی یەکەم، خاڵی 2دا هاتووە کە "ئامانجی دواڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك هێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی سوسیالستی‌یە". ئەم خاڵە بە مانایەك دەکرێ وا راڤە بکرێ کە رەد کردنەوەی سەرمایەدرایی دەگەیەنێ، چوونکە "سوسیالیزمی دێموکراتیك" لە نێۆ حدکادا بەو شێوە تەعبیر کراوە کە لە "کورتە باس"دا هاتووە. هەڵبەت لە بەرنامەی حیزبدا تەنها لە فەسڵی چوارەم، کە باس لە سیاسەتی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی دەکا، هێندێك خاڵ هاتوون کە کۆنکرێت باس لە مۆدێلێکی سوسیالیستیی حدکا دەکا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناکرێ ئەو فەسڵەی بەرنامەکە بە مانای رەد کردنەوەی سەرمایەداری راڤە بکرێ.[66]

ئەو تەعبیرە لە سوسیالیزم کە لە "کورتە باس"دا هاتووە لە ژێر ناوی "سوسیالیزمی دێموکراتیك"، لە فیکری سوسیالیستیدا وجوودی هەبووە، بەڵام مەسەلەی جێگای سەرنج ئەوەیە کە

---

سیاسەتێکی نوێلیبرالی کە خۆازیاری بچووکردنەوەی دەوڵەتە و نەهێشتنی هەر چەشنە سنوورداریێک لە سەر بازاڕ –بەڵام بەرژەوەندی گشتی نەپارێزێ.

[65] قاسملوو، "کورتە باس"، ل. 23.

[66] "بەرنامە و پێرەوەی نێۆخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، پەسەندکراوی کۆنگرەی 13، 2004.

گەرچی دەستەواژەی "سوسیالیزمی دێموکراتیك" لە بەرنامەی رێکخراوی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال دا هاتووە، لە هیچ جێگایەکی ئەو بەرنامەیەدا باسی لەنێوبردنی سەرمایەداری نەکراوە. کەوابوو، ئەگەر دووپاتکردنەوەش بێ، لە بەر ئەوەی حیزب ئەندامی راوێژکارە لەو رێکخراوەدا، بەکردەوە لە گشتیەتی خۆیدا پابەندە بە راڤەی ئەو رێکخراوە لە "سوسیالیزمی دێموکراتیك ".

هەڵبەت بەرنامەی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال تێکەڵاوێکە لە زۆر بیرۆکەو پرینسیپی سیاسی. هەروەها گەر چی لەسەر ماڵپەڕی ئەو رێکخراوە نووسراوە کە ئەو بەرنامەیەی لەوێدا دانراوە، پەسەندکراوی کۆنگرەی 18یە، کە لە مانگی جوونی ساڵی 1989دا پێك هات، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە باسی کۆتایی شەڕی سارد، بەجیهانیبوونو هێندێك مەسەلەی دیکە لە خۆ دەگرێ، وا پێدەچێ کە لەو کاتەوە گۆڕانی تێدا کرابێ. ناکرێ لێرەدا باسی هەموو لایەنەکانی ئەو بەرنامەیە بکەم، بەڵکوو ناچار دەبم باسەکەم سنووردار بکەم بە چەند خاڵێکی سەرەکی.

یەکەم خاڵ ئەوەیە کە "سوسیالیزمی دێموکراتیك" لە بەرانبەر لیبرالیزم، کۆنسێرڤاتیزمو کومۆنیزمدا پێناسە دەکرێ. لە فەسڵی 2، خاڵی 12دا هاتووە کە "سوسیالیزمی دێموکراتیك حەرەکەتێکی نێونەتەوەییە [کە تێدەکۆشێ] بۆ ئازادی، دادپەروەری کۆمەڵایەتیو هەمبەستەگی."[67] لێرەدا پێویست دەکا لەسەر چەمکی "ئازادی"و "یەکسانی" راوەستین. لە خاڵی 14دا نووسراوە کە "ئازادیو یەکسانی ناکۆك نین. یەکسانی مەرجی گەشەسەندنی کەسایەتی فەردییە. یەکسانیو ئازادی شەخسی دانەبڕاون لەیەکتر."[68] لە هەمان فەسڵدا، بەڵام لە خاڵی 16، نووسراوە: "بە پێچەوانەی [سوسیالیزمی دێموکراتیك]، لیبرالەکانو کۆنسێرڤاتیڤەکان جەختی سەرەکیان لەسەر ئازادیی فەرد داناوە [و ئەمەشیان] لەسەر حسابی دادپەروەریو هەمبەستەگی [کردووە] لە کاتێکدا کە کومۆنیستەکان لافی ئەوەیان لێ داوە کە یەکسانیو هەمبەستەگی وەدەست دێنن، بەڵام لەسەر حسابی ئازادی."[69]

کەوابوو، ئەمە ئەو پێناسەیەیە لە "سوسیالیزمی دێموکراتیك" کە حدکا بەکردەوە پابەندە پێیو نەك ئەوەی کە لە "کورتە باس"دا هاتووە. بەڵام بێ گومان زۆر مەسەلەی تازە لە بەرنامەی سوسیالیست ئەنترناسیۆنالدا هاتووە کە لە بەرنامەی حیزب، پەسەندکراوی کۆنگرەی 13، نەهاتووە. یەکێك لەو مەسەلانە، کە لە فەسڵی 4ی بەرنامەکەدا هاتووە، باسکردنو قەبووڵکردنی بەجیهانیبوونو پێکەوەگرێدراویی جیهانە وەك واقعیەتێکی ئەورۆیی.

هەڵبەت هێندێك مەسەلەی دیکە هەن لە بەرنامەی سوسیالیست ئەنترناسیونال کە پێویست دەکا بە چاوێکی رەخنەگرانە سەیریان بکرێ. کاتێك کە من ئاماژە بەو خاڵە دەدەم کە حیزب بە داواکردنی ئەندامەتی لەو رێکخراوەدا (هەر ئەو کاتەی کە د. قاسملوو زیندوو بوو)و وەرگرتنی پێگەی چاوەدێرییو دواتر بوون بە ئەندامی راوێژکار، بەکردەوە پابەند بووە بە تەعبیری ئەو رێکخراوە لە سوسیالیزم، مەبەستم ئەوە نیە کە بەرنامەی ئەو ریکخراوە بە تەواوی پەسەند بکرێ

---

[67] بڕوانە:

"Declaration of Principles of the Socialist International", Adopted by the XVIII Congress, Stockholm, June 1989. ["Democratic socialism is an international movement for freedom, social justice and solidarity".]

[68] بڕوانە:

Op. cit. ["Freedom and equality are not contradictory. Equality is the condition for the development of individual personality. Equality and personal freedom are indivisible."]

[69] بڕوانە:

Op. cit. [" As opposed to this position, Liberals and Conservatives have placed the main emphasis on individual liberty at the expense of justice and solidarity while Communists have claimed to achieve equality and solidarity, but at the expense of freedom."

یان "کۆپی" بکرێ، بەڵکوو مەبەستم پەسەندکردنی تەعبیری سوسیالیست ئەنترناسیۆنالە لە "سوسیالیزم" لە گشتیەتی خۆیدا.
لە بەرنامەی ئەو ڕێکخراوەدا هێندێك مەسەلەی زۆر رادیکال هاتوون کە لەگەڵ هێندێك مەسەلەی دیکە تۆزێك ناکۆك دێنە بەرچاو: بۆ نموونە لەلایەکەوە تێگەیشتنێکی رادیکاڵ لە "دێموکراسیی ئابووریی" تێدایەو لە لایەکی دیکەوە وا پێ دەچی کە هێندێك بیرۆکەی ڕێگای سێهەمیشیان لەو بەرنامەیدا گوونجاندبێ. با بڕوانینە ئەو چەند خاڵانەی خوارەوە لە فەسڵی 5 لە ژێر ناوی "دێموکراسیی سیاسیو ئابووری":

59. سوسیالیزمی دێموکراتیك ئەوڕۆ لەسەر ئەو بەهاگەلە راوەستاوە کە کاتی خۆی لەسەریان دامەزرا. بەڵام دەبێ بە شێوەیەکی رەخنەگرانە فۆرمولە بکرێن، دەبێ تێکەڵاوێك بن لە ئەزموونی رابردووو روانینێك بۆ داهاتوو. بۆ نموونە: ئەزموون نیشانی داوە کە لە هێندێك هەلوومەرجدا بەدەوڵەتیکردن دەتوانێ زەروور بێ، بەڵام لە خۆیدا چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە نیە بۆ نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها [دەبێ بگوترێ کە] هەڵدانی ئابووری دەتوانێ روخێنەر بێو ببێتە هۆی لەبەین بردنی یەکگرتوویی [کۆمەڵایەتی]، بە تایبەتی ئەگەر کۆمپانیا شەخسییەکان خۆیان لە بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتیو بەرپرسایەتی بەرانبەر بە ژینگە بدزنەوە. نە موڵکی شەخسیو نە موڵکی دەوڵەتی ناتوانن لە خۆیاندا یان کاریگەرییەتی ئابووریو یان دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکەن.

60. تەڤگەری سوسیالیستی دێموکراتیك بەردەوامە لە بەرەڤانی کردنی [...] ئابووریی تێکەڵاو. ئاشکرایە کە نێودەوڵەتیبوونی[70] ئابووریو شۆڕشی تێکنۆلۆژی جیهانی لە هەموو کاتێك زیاتر کۆنترۆڵی دێموکراتیکی [سیستەمی ئابووری] کردووە بە شتێکی پێویست. بەڵام کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی [سیستەمی] ئابووری ئامانجێکە کە دەکرێ لە رێگای کەرەستەی جیاوازەوە بە پێی [هەلوومەرجی] زەمانیو مەکانی وەدەست بهێندرێت [...].

61. مۆدێلێکی نەگۆڕو تاقانە بۆ [وەدەست هێنانی] ئابووری دێموکراسی بوونی نیەو بواری ئەوە هەیە کە لە وڵاتانی جیاوازدا [بۆ وەدەستهێنانی ئابووریی دێموکراسی] تاقی کردنەوەی بوێرانە ئەنجام بدرێت. بەڵام ئاشکرایە کە ئەمە دەبێ لەسەر بنەمای یەك پرینسیپی بنەڕەتی ئەنجام بدرێ: [ئەویش ئەوەیە کە] نابێ تەنها لە شکڵی کۆنترۆڵی فەرمیو قانوونیەوە بێ لەلایەن دەوڵەتەوە، بەڵکوو دەبێ کرێکاران بۆ خۆیان [...] بەشدار بن لە بڕیاردانی ئابووریدا. ئەم پرینسیپە دەبێ هەم لە بواری نەتەوەییو هەم لە بواری نێونەتەوەییشەوە پەیڕەوی لێ بکرێ.[71]

---

[70] لە بەرنامەی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال دا دەستەواژەی "نێۆدەوڵەتیبوون" و "بەجیهانیبوون" وەک هاوواتا بەکار دەبرێن؛ بڕوانە فەسڵی 4، خاڵی 38. شایانای باسە کە لە زانستی سیاسی دا ئەو دوو زاراوە لێک جیا دەکرێنەوە. بەڵام ئەوە مەسەلەیێکی زۆر گرنگ نیە، چوونکە زمانی سیاسی (و بێ گومان زمانی ئاکادێمیش) ئەو گرفتەی پێوە دیارە کە هەمان دەستەواژە (بۆ نموونە "دێموکراسی") بۆ چەمکی لێک جیاوز بەکار دەبرێ یان ئەوەی (وەک لە بەرنامەی ڕێکخراوی ناوبراودا) دوو دەستەواژەی جیاواز بۆ هەمان چەمک بەکار دەبرێ. ئەوەش سەرلێشێواوی زۆر دروست دەکا. بەڵام چی بکەین، دەبێ قەبووڵی بکەین کە وەزعەکە وایە و هەر واش دەمێنێتەوە.
[71] بڕۆانە:
Declaration of Principles of the Socialist International", Adopted by the XVIII Congress, Stockholm, June 1989

دڵنیا نیم کە راڤەی من لەو پاراگرافانە دروست بێ کە لەپاڵ تیگەیشتنێکی رادیکالی سوسیالیستی کلاسیکی لەمەر "ئابووریی دێموکراسی"، جەختکردنەوە لەسەر ئەو خاڵە کە "نە موڵکی شەخسیو نە موڵکی دەوڵەتی ناتۆانن لە خۆیاندا یان کاریگەرییەتی ئابووریو یان دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکەن"،[72] هەڵگری بیرۆکەی ڕێگای سێهەم بێ. بۆیە لەسەرەوە نووسیومە کە "وا دێتە بەرچاو" کە ئەو بەرنامەیە هەڵگری هێندێك ناکۆکی بێ.

هەرچۆنێك بێ، تا ئەو جێگایەی کە من بزانم، وڵاتگەلێك وەك سوئێد، ئاڵمانو بریتانیا لەگەڵ ئەوەی کە سەندیکای کەم تا زۆر بەهێزیان هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بڵێین گەیشتوون بەو شێوە لە "ئابووریی دێموکراسی". ئەمە لە کاتێکدا کە لە وڵاتی سوئێد حیزبی سوسیال دێموکرات ـ کە ئەویش ئەندامی سوسیالیست ئەنترناسیۆنالە ـ پتر لە 70 ساڵ، هەڵبەت نەك بە بەردەوامی، حکوومەتی کردووە. هەروها حیزبی کاری بریتانیاو حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان، ماوەیەکی زۆر حکوومەتیان بەدەستەوە بووە، بەڵام شتێك بە ناوی "ئابووریی دێموکراسییان" وەدەست نەهێناوە. هەر وەك گوتمان، لە نێوەڕاستی 1990ەوە ئەو حیزبانە لە بەرنامەی خۆیاندا ڕێبازی ڕێگای سێهەمیان پەسەند کردووە.

حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا، پەسەندکراوی کۆنگرەی ئەو حیزبە لە ساڵی 2001،[73] لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە زۆر رادیکاڵە، بەلام بەکردەوە دەکرێ بڵێین یەکێك لەو حیزبانە بووە کە بەرنامەی ڕێگای سێهەمی هەر لە نێوەندی ساڵاکانی 1980 پیادە کردوە.[74]

ئەم نموونانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە بۆشاییەك هەیە لە نێۆان پرۆگرامی سیاسی حیزبی سیاسیو کردەوەیی ئەو حیزبانە. ئەوەش بە نۆرەی خۆی پرسیارێکی زۆر بنەڕەتی دێنێتە گۆڕێ: بە راستی دەوری فیکر یان ئایدیۆلۆژی لە سیاسەتدا چییەو چەندەیە؟ ناکرێ ئەم پرسیارە گرنگە لێرەدا بە تێرووتەسەلی وەڵام بدرێتەوە، بەڵام دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە هەر لە کۆنەوە دوو وڵامی تەواو جیاوز بەو پرسیارە دراوەتەوە: یەکێکیان دەوری فیکر لە سیاسەتدا رەد دکاتەوەو گرنگی دەدا بە فاکتەری دیکە (جا ئەوە پێوەندیی مادی بێ، گەیشتن بە دەسەڵات بێ یان...)و ئەوی دیکەیان دەوری فیکرو ئایدیۆلۆژی بە پاڵپێوەنەری سەرەکی پشت گۆڕانە سیاسییەکان دەبینێ.[75] ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو باسەی کە سەرەتا لە مەڕ هێگڵو مارکس کردمان، دەکرێ بڵێین هێگل ململانێی نێوان فیکرو بیرۆکەی جیاواز وەك پاڵپێوەنەری گەشەسەندن لە مێژوودا دەبینێ لە کاتێکدا مارکس پێوەندییە مادییەکان بە پاڵپێوەنەری بنەڕەتی دەبینێ.[76]

پێم وایە باشتر وایە ئەو پرسیاری سەرەوە دابشکێندرێ بە سەر چەند پرسیاری دیکەدا:(1) "ئایدیۆلۆژی" بە چ مانایەك؟ (2) "ئایدیۆلۆژی" بۆ کێو لەلای کێ؟ (3) "ئایدیۆلۆژی" بۆ چیو بۆ چ

---

[72] بڕوانە:

Op. cit. [”Neither private nor State ownership by themselves guarantee either economic efficiency or social justice”.]

[73] بڕوانە:

”Partiprogram för Socialdemokraterna”, Antaget vid partikongressen, 2001.

[74] بڕوانە:

Torsten Svensson, *Marknadsanpassningens politik*. *Den Svenska Modellens förändring 1980-2000* (Uppsala: Acta Universitatis Upsaliensis, 2001).

[75] بۆ باسێکی گشتی تر لەم پەیوەندییەدا، بڕوانە:

Heywood, *Political Ideologies*, pp. 1-5.

[76] سەیر لێرەدا ئەوەیە کە فیکری مارکس بۆ خۆی بوو بە یەکێک لە ئایدیۆلۆژییە گەورەکانی جیهان و حیزب و تەڤگەرگەلی جیاوز لە زۆر وڵاتی جیهان بە ئیلهام وەرگرتن و بە پێی تیۆری مارکسیستی – جا بە شێوەیکی دروست یان غەڵەت بووبێ – ساختاری سیاسی و ئابووری کۆمەڵگای خۆیان داڕشت.

مەبەستێك؟ بێ گومان داشکاندنی ئەو پرسیارە بەو شێوەیە ئەرکی وەڵامدانەوە ئاسانتر ناکا، بەڵام یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی مەسەلەکەمان لێ روون بێتەوە.

ئێمە کە خۆمان وەك درێژەدەری ریبازی د. قاسملووو د. شەەرفکەندی دەبینین، دەزانین کە "ئایدیۆلۆژی" بۆ ئێمە چوارچێوەیەکی فیکرییە کە پێك هاتووە لە کۆمەڵێك بەهای سیاسیو پرینسیپی ئەخلاقی کە لە دوو ئامانجدا پوخت دەبێتەوە: رزگاری نەتەوەی کوردو سوسیالیزم. هەروها دەزانین کە "ئایدیۆلۆژی" بۆ ئێمەو لەلای ئێمە مانای ئەوەیە کە ئەو ئامانجانە لەسەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکی دیکە دادەنێین، جا ئەو بەرژەوەندیانە بەرژەوەندی شەخسی، گرووپی، جەناحی یان حیزبی بن. ئەوەیە کە ئێمە لەو کەسانە جودا دەکاتەوە کە ـ هێندێکیان بۆ جاری دووهەم ـ لە بەر پۆستو مەقام لە حیزبدا ئێنشعابیان کردو زیانیان گەیاند بە بزووتنەوەی رزگاری خۆازی کورد لە کوردستانی ئێران. بێ گومان وەڵامی پرسیاری دووهەم هەروەها ئێمە لەو تاقمو حیزبانە جودا دەکاتەوە کە "کوردایەتی" بۆ ئەوان مەجازی یان بازرگانی. وەڵامی پرسیاری سێهەم لە "شیکردنەوەی کورتەباس"دا بە روونی دراوەتەوە:

> یەکێك لە نیشانەکانی [...] ئینسانێکی دێموکرات، ئەندامێکی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە لە "کورتەباس"دا هاتوە، سنوور دادەنێ لە بەینی حیزبی ئێمەو لە بەینی زۆر لە هێزەکانی دیکەدا، چ لە باری بۆچوونمان نیسبەت بە دروستکردنی سۆسیالیزمو بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمەڵە کە لە وڵاتەکەماندا دەبێ پێك بێو چ لە باری پێوەندیمان لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەو بە تایبەتی هێزەکانی سۆسیالیستیو وڵاتانی سۆسیالیستیدا.[77]

ناکرێ ئەوە بشاردرێتەوە کە ئەم وتارە لە کاتێکدا دەنووسرێ کە ئێنشعابی نارەوای ساڵی 2006 شۆێنەواری نیگەتیفی خۆی لەسەر نووسەرەکەی داناوە. هەر بۆیە، دەکرێ یەك "قازانجی" دیکە بە دەوری ئایدیۆلۆژی لە چوارچێوەی ریکخراوێکدا، زیاد بکەین. بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی دەسەڵاتپەرەستی، کارشکێنی، بێ پرینسیپی سیاسیو ئەخلاقی، دووڕوویی، پێناسەکردنی سیاسەت وەك درۆکردن، جێ خستنی فەرهەنگی موعجیب بوون بە "فێلبازی" فڵانە "مەلا"و فڵانە "مامۆستا" کە بەشێکی زۆری ئەو گرووپە نوێنەرایەتییان دەکرد کە ئینشعابیان کرد، ئەگەر گرنگی بدرێ بە ئایدیۆلۆژی بەو مانایەی کە لەسەرەوە باسی کرا، دەتوانی ئەو فەرهەنگە قیزەونە لە حیزبدا زۆر لاواز بکاو دەتوانین هیوامان بە بنبڕ بوونی بێ لە داهاتوودا. رێبازی قاسملووو شەرەفکەندی، کەسایەتی بەرزی ئەخلاقی ئەو دوو مرۆڤەو ئەو هەموو پێشمەرگانەی کە گیانی خۆیان بەخت کردووە بۆ رزگاریی نەتەوەی کورد، دەبێ ببنە سەرچاوەی ئیلهامی ئەخلاقیو سیاسی نەوەی ئێستاو نەوەکانی داهاتوو.

هەڵبەت لە جێی خۆیەتی جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکرێتەوە کە نەریتێکی دیکەی حیزبی دێموکرات، "واقعبینی" سیاسییە. ئەگەرچی حیزب پابەندە بە دوو ئامانجی سەرەکیی ئایدیۆلۆژی، رزگاری نەتەوەیو سوسیالیزم، بەڵام سیاسەتی کردەوەیی خۆی لەسەر ئەساسی لێکدانەوەی هەلوومەرجی دیاریکراوو پارسەنگی نێوان خۆیو هێزی دەرەوەی خۆی دادەرێژێ. تایبەتمەندییەکی دیکەی فەرهەنگی سیاسی حیزب، نادۆگماتیکبوونیەتی. نادۆگماتیکبوونی حیزب ئاسانکاری دەکا بۆ ئەوەی کە لە کۆنگرەی 14دا، گۆڕان لە بەرنامەکەیدا بهێندرێتە گۆڕێ.

بەڵام دیسانەوە دەبێ کانتێکستی وەڵامی د. قاسملوو بە پرسیاری سێهەم لەسەرەوە لەبەرچاو بگرین، کە ئەویش کانتێکستی شەڕی سارد بوو. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هەم تەعبیرێکی نوێ لە سوسیالیزم بکرێو هەم لە رێگای جیاکاریی نێوان قۆناغی پێش رزگاریو قۆناغی پاش رزگاری

[77] قاسملوو، "شیکردنەوەی کورتەباس"، لە نێو **تاقگەی هەقیەت**، بەرگی یەکەم، ل. 55.

نەتەوەیی لەسەردەمی پێشهاتی گۆڕانی بنەڕەتی ساختاریی لە سیاسەتی جیهانیدا دوای رمانی یەکیەتی سۆڤییەت ـ جا ناوی بنێن "یەکجەمسەری" یان "فرەجەمسەری" ـ ئامانجی سوسیالیستیی حیزب رێگر نەبێ لە هاوکاری لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە سوسیالیست نین، بەڵام رەنگبێ لە بەرژەوەندیی نەتەوایەتیماندا بێ کە هاوکاریمان لەگەڵیان هەبێو تەنانەت هاوپەیمان بین لەگەڵیان. هەڵبەت لەگەڵ هێزێکی وەك ئەمریکا، کە وڵاتێکی سوسیالیستی نیە، ئێمە دوژمنی هاوبەشی ئایدیۆلۆژیمان هەیەو ئەویش ئیسلامی سیاسییەو خەباتی هاوبەش دژ بە تێرۆریزمە کە سەنتەرەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. زۆر جار بە هەڵە دەگوترێ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانی ئێران چووەتە نێو بەرەی دژ بە تێروریزم، کە ئەمریکا پێکهێنەریەتی، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، لە ژێر سەرکردایەتی حدکادا، 28 ساڵە دژ بە تیرۆریزمی ئیسلامی خەبات دەکاو ئەگەر باس لە "بەرە" بکرێ، ئەوە ئەمریکایە کە هاتووەتە ئەو "بەرەوە".

بە کورتی، ئامانجی سوسیالیستی پێش قۆناغی رزگاری نابێ رێگرێکی ئایدیۆلۆژی بێ لە پێش هاوکاری لەگەڵ هێزی دێموکرات کە رەنگبێ سوسیالیست نەبن. بەڵام بە گشتی ئەو دەرسەی کە دەبێ لە دەوری نێگەتیڤی فیکری چەپ لە کوردستاندا بیگرین ئەوەیە کە رزگاری نەتەوەیی دەبێ هەمیشە ئەولەویەتی هەبێو نابێ بیروباوەری سوسیالیستی رێگری ئایدیۆلۆژی بێ بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هێزی غەیرە سوسیالیستی.

## سیاسەتی بە بێ ئایدیۆلۆژی یان سیاسەتی بە بێ مێتافیزیك؟

د. قاسملوو بە نووسینی "کورتە باس" زەمینەی خۆش کرد بۆ ئەوەی خۆمان لە مێتافیزیکی رۆژئاوا رزگار بکەین. هەروەها بە داواکردنی ئەندامەتی لە سوسیالیست ئەنترناسیۆنال، د. قاسملوو بەکردەوە و بە تەواوی حیزبی لە مارکسیزم رزگار کردو لەو کاتەوە حیزب شێوەیەك لە "سوسیالیزمی دێموکراتیکی" پەسەند کردووە کە، هەر وەك لە بەرنامەی سوسیالیست ئەنترناسیۆناڵدا هاتووە، بە مانای رەدکردنەوەی سەرمایەداری نیە. پرسیارێك کە لێرەدا دێتە گۆڕی ئەمەیە: بۆ د. قاسملوو لە رووی تیوری ـ سیاسییەوە ئەو مەسەلەیەی نەدایە بەر باس؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بە بۆچوونی من ئەوەیە کە "کورتە باس" سەرباری ئەوەی هێندێك کێشەی پێك هێناو چەند کەسێك لە نێو حیزبدا دژی راوەستان، سەرکەوتوو بوو لە خۆشکردنی زەمینە بۆ ئەوەی حیزب نزیك بێتەوە لە سوسیال دێموکراسیو هەر بەو پێیەش، رەنگبێ د. قاسملوو بە پێویستی نەزانیبێ کە ئەو گۆڕانە لە سیاسەتی حیزبدا لە رووی تیۆرییەوە بونیاد بنێ یان با بڵێین بونیاد بنێتەوە. هەڵبەت د. قاسملوو پێش رمانی یەکێتی سۆڤیەتو کۆتایی شەڕی سارد لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە شەهید کرا، بۆیە دەرفەتی پێ نەدرا کە بەردەوام بێ لە چالاکی فیکریو سیاسی.

د. شەرەفکەندی لە راپۆرتی خۆیدا بۆ کۆنگرەی 9ی حیزب پێشوازی لە رمانی یەکیەتی سۆڤییەت دەکاو بە سەرکەوتنی ئازادیو دێموکراسی دەزانێ. هەروەها ئاماژە بەوە دەدا کە رمانی یەکیەتی سۆڤییەت کارتێکردنی دەبێ لەسەر "سوسیالیزم":

> جەرەیانی ئاڵوگۆڕ لە وڵاتانی سوسیالیستیو بەگشتی لە بیروبۆچوون سەبارەت بە "سوسیالیزم"دا تا ئێستا لەزۆر بارەوە شوێنی بەرچاوی لەسەر وەزعی جیهان داناوە. شوێندانانێك کە لە ساڵەکانی داهاتوودا بە بێ شك گەلێك روونتر، قووڵتر و، بەربلاوتر دەبێ.[78]

---

[78] سادق (سەعید) شەرفکەندی، "راپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی نۆهەم"، دیسامبری 1991، ل. 11.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم پێشبینییەی د. شەرەفکەندی، دەتوانین ئاماژە بە هەوڵەکانی ڕێگای سێهەم بۆ "تازەکردنەوەی" سوسیال دێموکراسی بدەین، بەڵام مخابن کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەویشی شەهید کردو ئەو دەرفەتە بە د. شەرەفکەندی نەدرا کە گۆڕانە سیاسیو فیکرییەکانی پێوەندیدار بە سوسیالیزمەوە ببینێو بیانداتە بەر باس. بەڵام سەرباری ڕمانی یەکیەتی سوڤیەتو لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری چەپەکان لە زۆر شوێنی جیهان لە ئاکامی ئەو تێکشکانەی "سوسیالیزمی مەوجوود" روویان کردە جەمسەری ڕاست لە سیاسەتداو لە شەوڕۆژێکدا بوونە "نوێ لیبرال"، د. شەرەفکەندی لەگەڵ ئەوەی ئەو تێکشکانە بە سەرکەوتنی ئازادیو دێموکراسی دەزانێ، پێ لەسەر گرنگبوونی وەفاداری بە نەریتی سوسیالیستیی حیزب دادەگرێو دەنووسێ:

> ئەمڕۆ، خەڵکی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات کە تازە لە دەست دیکتاتوریی "سوسیالیزمی مەوجوود" ئازاد بوون، دیارە هەست بە ئازادیو شادییەکی گەورە دەکەن. بەڵام تێپەڕبوونی زەمان بەرەبەرە پێیان نیشان دەدا کە /.../ گەیشتن بە شتێکی پێویستو پیرۆزی وەك دێموکراسی لەگەڵ گەیشتن بە هەموو ئاواتو داخوازەکان فەرقی هەیەو، دەردی ژیان بە هەژاریو بێ ئیمکانی ـ یان کەم ئیمکانی ـ لە کۆمەڵێکی دەوڵەمەندو پڕئیمکاندا ئەگەر پتر نەبێ کەمتر نیە![79]

وەفادار مانەوەی د. شەرەفکەندی بە سوسیالیزم لەوەدایە کە یەکسانیی کۆمەڵایەتی بە مەرجی ئازادی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەزانێ. جیاوازی هزری سوسیالیستی د. قاسملووو د. شەرەفکەندی لەگەڵ مارکسیزم/کومۆنیزم لەوەدایە کە ئامانجگەرایی ڕەد دەکاتەوە. بەڵام بێ گومان نابێ دانانی "ئامانجی" سیاسی لەگەڵ "ئامانجگەرایی" تێکەڵ بکەین. دەکرێ بڵێین پۆست مۆدێرنیستەکان تووشی ئەو گرفتە هاتوون، چوونکە ڕەخنەگرتن لە فیکری ئامانجگەرایی لەلای ئەوان گۆڕدراوە بە ڕەدکردنەوەی هەر شێوە ئامانجێكو لە قەڵەمدانیان وەك "حیکایەتی گەورە". لە ئاکامدا، ئەم شێوە فیکرکردنەوە هیچی دیکە نیە بێجگە لە سیاسەتی بێ ئایدیۆلۆژی (هەڵبەت ڕەنگبێ شایستەی ئەوە نەبێ کە هەر ناوی "سیاسەتیشی" لێ بنێردرێ). بەڵام سیاسەتی بێ مێتافیزك جیاوازە لەگەڵ سیاسەتی بێ ئایدیۆلۆژی. "ئامانجگەرایی" لەسەر بنەمایی "دێتێرمینیزم" راوەستاوە. وەك لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا بە وردی باسی لێوە کرا، د. قاسملوو هەر لە "کورتە باس"دا ئامانجگەرایی ڕەد دەکاتەوە. ڕەدکردنەوەی ئامانجگهرایی لە ئاستی گشتی خۆیدا بە مانای ڕەدکردنەوە "مێتافیزیکە"، واتە ئەو شێوە فیکرکردنەوە کە لە "ڕوانگەیەکی خوداییەوە"[80] دەڕوانێتە مێژوو. بە واتایەکی دیکە، ئەو رووناکبیرو سیاسەتڤانانەی کە هەڵگری فیکری مێتافیزیکین دەکرێ بڵێین ڕوڵی "خودا" بە خۆیان دەدەن بەو مانایەی کە پێیان وایە لە دەرەوەی مێژوودا ڕاوەستاونو لە تێڕوانینیان بە ڕەوتی گەشەسەندنی مێژوو دەتۆانن پێمان بڵێن کە مێژوو حەتمەن بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا دەڕواو مێژوو "کۆتایی" پێ دێ.

وەفادارمانەوەی د. شەرەفکەندی بە سوسیالیزم هەروەها پێمان دەڵێ کە چۆن بەرانبەر بە "ڕێگای سێهەم"و هەر ڕەوتێکی دیکەی فیکری نێو ئایدیۆلۆژی سوسیالیستی هەڵوێست بگرین. گرفت لێرەدا ئەوەیە کە "ریگای سێهەم" هەڵگری هێندێك ناڕوونییە، بەڵام ئەگەر ئەو فیکرە پابەند نەبێ بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی، نەگونجاوە لەگەڵ نەریتی سوسیالیستیی حدکا. بەڵام چوونکە یەکێك لەسەرچاوە فیکری ـ سیاسیەکانی حیزب نادۆگماتیك بوونەو یەکێکی دیکەیان "واقعبینی" سیاسییە، ناکرێ نکۆڵی لە قەیرانی سوسیال دێموکراسی بکرێو ئەگەر ڕێگای سێهەم چارەسەری باشی پێ بێ

---

[79] شەرەفکەندی، ە.س.پ.، ل. 24-25.

[80] ئەم دەربڕینەم لە فەیلەسوفی ئەمریکی هیلری پاتنام(Hilary Putnam) وەرگرتووە، بڕۆانە:
Hilary Putnam, *Reason, Truth and History* (Cambridge: Cambridge University Press, 1981), p. 49.

بۆ ئەو قەیرانە ـ بە مەرجێ کە پابەند بمێنێتەوە بە یەکسانی ـ دەکرێ وەك سەرچاویەکی سیاسی ـ فیکری کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

### دەرئەنجام

ئێمە دەتۆانین خۆمان لە فیکری سیاسیی مێتافیزیکی رزگار بکەین، بەڵام وەفادار بمێنینەوە بە ئایدیۆلۆژی سوسیالیستیی حدکا کە کاکڵەکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. بەڵام لێرەدا گرنگە، ئەگەر دووپاتکردنەوەش بێ، ئاماژە بە یەك مەسەلە بدرێ: رەدکردنەوەی مێتافیزیکی مارکسیستی ئەو ئاکامەی دەبێ کە ئێمە وەك حیزبێکی دێموکرات تەنها دەتوانین لە کاتی سەرکەوتنمان لە هەڵبژاردنی دێموکراتیکدا سیاسەتی سوسیالیستی لە کوردستانی ئێران بهێنینە ئاراوە. هەر بەو پێیەش، ئێمە وەك مرۆڤی دێموکرات ناتوانین ئیجازە بە خۆمان بدەین کە سیاسەتی ئابووریی بۆ گەلانو وڵاتانی دیکە دیاری بکەین، چوونکە دەبێ رێز لە ئیرادەی دێموکراتیکی گەلانی دیکە بگرین. ئەمەش رێگامان بۆ دەکاتەوە کە لە پێوەندیی دەرەوەماندا، بتوانین لەگەڵ حکوومەتانی غەیرە سوسیالیست، ئەگەر لە بەرژەوەندیماندا بێو ئەوان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بزانن، دۆستایەتی بکەینو تەنانەت هاوکاریشیان لەگەڵدا بکەین.
کەوابوو، بە پێچەوانەی مارکسیستەکان کە پێیان وایە دەبێ یەك مۆدێلی سیاسیو ئابووری یەکچەشن بە سەر هەموو جیهاندا بسەپێندرێ، د. قاسملوو هەر لە "کورتە باس"دا بونیادی فەلسەفیو سیاسی ئەوەی بۆ ناوین کە خۆمان لەو چەشنە مێتافیزیکە رزگار بکەین.

### پاشکۆ: چەند پێشنیارێکی کۆنکرێت

لەمەڕ تازەکردنەوەی "سوسیالیزمی دێموکراتیك" ئەم وتارە بە پێی ئەو باسە تیۆریو فیکریەی کە تا ئێستا کراوە ئەم پێشنیارانە دەکا:

- مرۆڤ لە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو بۆ ئەوەی لە کۆمەڵدا تاکەکان ئازادانە بژین، دەبێ ئەو راستییە قەبووڵ بکرێ کە ئازادی رەنجو دەسکەوتی هەم تاکەو هەم کۆمەڵە.
- لە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ناکۆکی لە نێوان ئازادیو یەکسانیدا نیە، بەڵکوو یەکسانی پێشمەرجی ئازادییە.
- "سوسیالیزمی دێموکراتیك" سەرمایەداری رەد ناکاتەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدا لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا دادپەروەری کۆمەڵایەتی دابین بکا.
- "دادپەروەری کۆمەڵایەتی" لە نیزامێك وەك نیزامی سەرمایەداری، ئامانجێکە کە دەبێهەمیشە خەباتی بۆ بکرێ، چوونکە سەرمایەداری ئەگەر لە رێگای سیاسەتێکی سوسیالیستیو دێموکراتیکەوە چوارچێوەیەکی بۆ دانەنرێو ئەو سەروەتەی کە تێیدا بەرهەم دەهێندرێ بە شێوەیەکی عادڵانە دابەش نەکرێ، نایەکسانیو کێشەی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێ.
- دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە رێگای پێکهێنانی سیستمێکی خۆش بژێوییەوە بە باشترین شێوە دەستەبەر دەکرێ، چوونکە ئەو سیستمە پێداویستی مادی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە بەرچاو دەگرێو هەوڵی دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان دەدا.
- هاوکات حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرنجدان لە ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە سیستمی رەفاهییان تاقی کردووەتەوە، هەم دەستکەوتەکانی ئەو سیستمەو هەم کەمووکوڕییەکانی لەبەرچاو دەگرێ. لەم پەیوەندییەدا ئەو رەخنەیەی کە لە سیستمی خۆش

بژێوی گیراوە، واتە ئەو ڕەخنەیەی کە دەڵێ سەرباری "نیازپاکی" لە پشت ئەو سیستمەوە هێندێك مرۆڤ تووشی بەسترانەوەی خۆش بژێوانە (welfare dependency) هاتوون، لەبەرچاو دەگرێ. سیاسەتێکی دروستو ئوسولی دەبێ ئامانجی ئەوە بێ کە تاك لە کۆمەڵگادا سەروەر بێ لەسەر ژیانی خۆیو ژیانی خۆی دابین بکا. هاوکات جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە لێکدانەوەی ئێمە ئەوە نیە کە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵ وەك یەك تۆانایی خۆبەڕێوەبردنیان هەبێو هەربۆیە دەبێ دەوڵەت لە ڕێگای سیستمی خۆش بژێوییەوە یارمەتی هەموو دانیشتوویەکی[81] وڵات بدا کە پێویستیان بە یارمەتییە. ئەو یارمەتییەش کە دەوڵەت دەبێ بیدا لە چوارچێوەی مافە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمانەن: 1) مافی یارمەتی بۆ دابینکردنی شوێنی مەسکەن؛ 2) مافی وەرگرتنی تیماری تەندرووستی (health care) لە ڕێگای بیمەی تەندرووستیەوە؛ 3) مافی خوێندن بە بێ دانی هەزینە تاکوو دیپلۆم. بە گشتی دەبێ سیستمێکی بیمەی کۆمەڵایەتی هەبێ بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی بە شێوەی ڕێژەیی یەکسان بهێندرێتە ئاراوە.

- هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەی پێویستی زانستی لەبەرچاو دەگرێ لە پێوەندی لەگەڵ داڕشتنو پێداچوونەوەی سیاسەتی خۆی. لەم پەیوەندییەدا گۆڕانی ساختاریی لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییو باس کردن لە "سەرمایەداری بە بێکار" ـ واتە ئەو دۆزەی کە لەگەڵ "کۆمەڵگای پاش پیشەسازی" هاتووەتە ئاراوەو ڕەنگبێ دابینکردنی کار بۆ گشت هێزی کار لە کۆمەڵدا نامومکین کردبێ ـ ئەوەندەی دیکە قەناعەتی ئێمەی بە شیاوبوونی دابەشکردنی سامانو سەرەوتی کۆمەڵ بە شێوەیەکی عادڵانە لە ڕێگای سیستمی خۆش بژێوییەوە بە مەبەستی دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەهێز کردووە.
- هەروەها لە ئاکامەکانی پرۆسەی "بەجیهانیبوون" دەکۆڵینەوەو وەك حیزبە سوسیالیستیەکانی نێو ڕێکخراوی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال پێ لەسەر یەکگرتووییو خەبات بۆ دادپەروەری لە ئاستی جیهانیدا دادەگرین.
- هاوکات جەخت دەکەینەوە کە بۆ حیزبی ئێمە ڕزگاری نەتەوەیی لە قۆناغی ئێستادا ئەولەویەتی هەیەو هەلوومەرجی خەباتو شەرایەتی وڵاتەکەمان لە بەرچاو دەگرین..
- هەر بۆیە، تاکوو ئەو کاتەی ئێمە دەرفەتی ئەوەمان پێ نەدرێ کە لە وڵاتی خۆماندا لە هەڵبژاردنی دێموکراتیکدا بەشداری بکەینو لەو پەیوەندییەدا بتوانین بەرنامەی کۆنکرێتی ئابووری، کۆمەڵایەتیو هتد پێشکەش بکەین، ئێستا مومکین نیە کە باس لە ئاکامەکانی "بەجیهانیبوون" لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای ئێرانو کوردستانی ئێراندا بکەین.
- بەو پێیە، ئێمە لە پیادەکردنی سوسیالیزم لە وڵاتی خۆماندا لە داهاتوودا، بە لێکۆڵینەوە لەمەڕ هەلوومەرج، پێداویستیو ئیمکاناتەکانی کۆمەڵگای خۆمان سیاسەت دادەڕێژین. بە هۆی ئەوەوە کە حکوومەتێکی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ لە وڵاتەکەماندا لەسەر کارەو نەگەڕاوینەتەوە وڵات، ناکرێ وردترو کۆنکرێتتر باس لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیو هتد بکەین لە بەرنامەی سیاسی خۆماندا.
- بەڵام گرنگ بۆ ئێمە پێ داگرتنە لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەم بەشەی سیاسەتی خۆماندا.

***

[81] کاتێک کە دەڵێین "هەموو دانیشتووێکی وڵات" مەبەستمان ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو دانیشتویەک هاوڵاتی (citizen) بێ، کە دەکرێ ئەو کەسانە بگرێتەوە کە بۆ خوێندنی کاتی یان کارکردن روو دەکەنە کوردستانی ئێران.